بەناوی خودای دەهندە و دلۆڤان

# بێستان

١٤

نۆڤەمبری ٢٠٠٨ ی زایینی

خەزەڵوەری ١٣٨٧ ی کۆچیی-هەتاویی

گۆڤارێکی گشتییە، بەشی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕی کوردستان دەری دەکا

سەروتار

## جێژنی ڕەمەزان، جێژنی باوەڕدارانی ڕاستینە، پیرۆزبێ




مانگی پیرۆزی ڕەمەزان وەرزی پاڵاوتەکردنی دەروونەکان، دەرووی دەرمانکردنی دەرد و ژانەکان، دوای مشتومالکردنی دڵەکان و پتەوترکردنەوەی باوەڕی خاوەنباوەڕانی ڕۆژوەوان و بەهێزکردنی گیانی تەبایی و پێوەندیی لە نێوان تاک و کۆمەڵی موسڵمانان، ماڵاوایی لێکردین و موژدەی هاتنی جەژنی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەی وەرزی خواپەرستیی و مرۆڤدۆستیی، دا بە هەموو ئەوانەی کە کەڵکیان لەو دەرفەتە ساڵانەی ژیان وەرگرت و بە خاوێنکردنەوەی دڵیان لە بوغز و کینە و دڕدۆنگیی بەرامبەر بە هاونەوعەکانیان و ئەنجامدانی کاری چاک و دەربڕینی وێرد و وتەی جوان، کارنامەی تەمەنی ئەو مانگەی خۆیان نەخشاند و نمرەی بەرزی سەر بەرگی پەڕەی ئیمتحانیان، دەستەبەر کرد ....

٢



خوێندنەوەیەک بۆ دیمەنەکانی ڕۆژێکی پیرۆز
٢



بازرگانییکردن بە ژن و منداڵان لە ئێران
٤



تازەلاوان و بەشداریی لە چەمکی خەبات و تێکۆشاندا
٦



دوایین وانە
٧



بۆ برا و خوشکە بەندکراوە سیاسییەکانم
٨



گۆشەی وێژە و هونەر
١٢



جۆن مەککین ماى ڤان نون

ڤێتنام، خەونە ناخۆشەکەی "جۆن مەککەین"
١١



کیبۆردی کۆمپیوتەر لە کورسیی ئاودەست پیسترە
١٥

www.arsivakurd.org

## درێژەی سەروتار

.... مانگی ڕەمەزان وانەی تێگەیشتن لە ژیانی هەژارانی فێرکردین و دەرسی ئارامیی و پشوودرێژیی لەسەر تەتەڵەی ژیانمان نووسیی و تێیگەیاندین کە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی دەسکەوتی گەورە و گەیشتن بە ئامانجی بەرز و پیرۆز، پێویستیی بە ماندووبوون و ئارامگرتن هەیە و خۆڕاگرتن بە برسیەتیی و تینوێتیی و لەبەرچاوگرتنی مەرج و قەدەغەکانی ڕۆژوو و نەبەزاندنی سنووری یاسا و ڕێسای ڕۆژوو، ئەو ڕاستییانەی بۆمان ڕوونکردەوە کە پابەندبوون بە باوەڕی پاکی موسڵمانانە و گوێڕایەڵیی بۆ هەموو ڕێوشوێن و دەستووراتی ئیسلام لە سەرانسەری ژیانماندا، ئاکامی دڵخوازی دنیا و قیامەتی لێ دەکەوێتەوە و سەرکەوتن و بەئامانجگەیشتنی بە دواوەیە.

دیارترین و گەورەترین پەند و وانەی ڕۆژوو و ڕەمەزان بۆ ئێمەی کوردی چەوساوەی موسڵمان ئەوەیە کە فێرمان دەکا: هەروەك چۆن لە پێناو ئەنجامدانی فەرمانێکی پەروەردگار و بە مەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا بە ڕۆژوو دەبین و مەحروومییەت لە هێندێك پێداویستیی و حەزەکانی ژیان بە حەزەوە قبووڵ دەکەین و ئارام دەگرین و باوەڕمان وایە کە ئەم برسییەتیی و تینوێتیی و نارەحەتیی و پشوودرێژیی و ئارامییە لە بەرامبەریاندا، بۆ وەدیهێنانی بەرزترین ئاوات و ئامانجی ژیانمانە کە ڕەزامەندیی خودای ڕەحمانە، هەر بەو چەشنەش پێویستە سەختیی و کوێرەوەریی و دەربەدەریی و ئازارەکانی تر تەحەممول بکەین لە پێناوی ئامانجێکی دیکەی گرینگی ژیانماندا کە ڕزگاربوونە لەژێر نیری ستەم و چەوساندنەوەی داگیرکەران و گەیشتن بە سەربەستیی و ئازادیی.

بێگومان لەم مانگەدا وێڕای ئەوە کە تێکڕای موسڵمانان بەوپەڕی دڵخۆشییەوە، پێشوازییان لە ڕەمەزان کرد و بەپێی توانا خواپەرستییان تێدا کرد، کۆمەڵێك مرۆڤیش کە بەهەر هۆیەك کەمتەرخەمیی و سستییان نواندبوو، لە حاند ئەرك و یاسا ئایینییەکان، کەشی خۆش و بێدارکەرەوەی ڕەمەزان، لە دەرگەی دڵی ئەوانیشی دا و بە نووری خواپەرستیی ڕووناکی کردنەوە و بە دەربڕینی پەشیمانیی لە رابردووی خۆیان، گەڕانەوە و بە هۆی ڕۆژوو و عیبادەتەکانی ترەوە گیان و ئیمانی خۆیان پاڵاوتە کرد و بەسەر گرفت و تەنگژە دەروونییەکاندا زاڵ بوون و بەو دەروونە خاوێنەوە لە ئاوێنەی بێخەوشی دڵیانەوە سەیری مرۆڤەکانی تریان کرد و پێوەندیی و تەباییان لەگەڵدا بەهێزتر کردن. هیوادارین جەژنیش کە جەژنی هەموو موسڵمانان و بە تایبەت جەژن و خۆشیی ئەوانە، ببێتە مایەی بەردەوامبوونیان لەسەر ئەو گوێڕایەڵیی و پەیڕەوییە لە خوا و ئایینیی خۆیان و هیچ هۆکارێك نەتوانێ بیانگێڕێتەوە سەر باری نالەباری پێشوویان و تووشی سستیی و کەمتەرخەمیی نەبنەوە.

جەژنی ڕەمەزان کە بۆنەیەکی گەورەی دینییە، ئاڵقەی پتەوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشە و بە گوێرەی نەریتی موسڵمانانە هەموو موسڵمانان لەو ڕۆژەدا واز لە کار و ئەرك و واجبەکانییان دێنن و بە ڕووی گەش و دڵی خۆشەوە پۆل پۆل سەردانی یەکتر دەکەن و پێوەندییەکانیان پتەو و تۆکمە دەکەنەوە و پەیمانی برایەتیی و تەبایی نوێ دەکەنەوە. هیوادارین کە ئەم نەریتە جوانە لەم جەژنەشدا لەبیر نەکەین و ئەو دەرفەتە لەبارە لەدەست نەدەین و وێڕای سەردان و جەژنە پیرۆزە لە هەموو ئەوانەی خۆشمان دەوێن و پێوەندیمان پێیانەوە هەیە، چاوپۆشیش بکەین لەو کەسانەی کە بەهەر هۆیەك ساردیی کەوتۆتە نێوانمانەوە و بە دڵ و دەروونێکی پاك و بێگەردەوە لە دڵەوە گەردنیان ئازاد کەین و دەستی دۆستیی و برایەتییان لە مل کەین و ئاشتیی و تەبایی جێگیر بکەین.

لە کۆتاییدا بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی هەموو موسڵمانانی جیهان بە تایبەت کوردستان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین تاعەتی ڕەمەزانمان لێ وەربگرێ و جەژنیش بکاتە مایەی گەڕانەوەی ئاسوودەیی و ئارامیی بۆ هەموو ئەوانەی ئاسوودەییان لێ شێواوە و هێمنایەتیی و ئاشتیی و بەختەوەریی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی بگێڕێتەوە.

* * * * *

# خوێندنەوەیەک بۆ دیمەنەکانی ڕۆژێکی پیرۆز

**نووسینی: بولفەت**

ئێوارەی ڕۆژی دووشەم، ٥ ی خەرمانانی ١٣٨٧، لەگەڵ هاوڕێیەکم بەرەو بنکەی سەرکردایەتیی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان وەڕێکەوتین. لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە شوێنەکە، چەندین دیمەنی جوان و هەستبزوێنی پڕ لە جووڵە و چالاکیی سەرنجیان ڕاکێشاین. تماشامان کرد لە دەرەوە و ناوەوەی هۆڵی بۆنەکان کۆمەڵێك سەرگەرمی ڕازاندنەوەی ئەو هۆڵەن. خوێندنەوەی چەند دروشمێك لە دوورەوە، کە دەر و ژووری هۆڵەکەیان پێ ڕازاندرابۆوە،



زیاتر بزواندیانین و تامەزرۆیان کردین زیاتر بچینە پێش تا ماندوونەبوونیی لەو هاوڕێیانە بکەین و لە نزیکیشەوە باشتر سەرنج بدەینە دروشمەکان و لە ئامانجی ئەو هەموو جموجۆڵ و بەزمورەزمەش بگەین.

خوێندنەوەی تابلۆکان تێیان گەیاندین کە سبەینێ شاهیدی ڕۆژێکی گەورە و مێژوویی دەبین کە ئەو ڕۆژە بۆ خەباتییەکان جەژن و خۆشییە. یەکەم تابلۆ لە سەر پارچە قوماشێکی ڕەنگ سپی و بە خەتی شکستە و ڕەنگی سوور و شین لێی نووسرابوو: (لە ٥ ی خەرمانانی‌دا سڵاو دەنێرین بۆو گیانە پاك و بەرزەفڕانەی لەپێناو ئامانجەکانی ئەو ڕۆژە پیرۆزەدا بەنرخترین سەرمایەی ژیانیان فیداکرد).

لای من خۆشترین شت ئەو بابەتانەن کە دەبنە هێمای ئاشتیی و تەبایی، بگرە سەرکەوتنی نەتەوەییش هەر لەوەدا دەبینم. هەر بۆیە دروشمی دووهەمم خوێندەوە کە نوسرابوو: (با لە یادی ٥ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩دا گیانی برایەتیی و تەبایی بکەینە هەوێنی خەباتییبوون و لە ریزێکی یەکگرتوودا بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەبات،ی شۆڕشگێڕ تێبکۆشن). سەرگەرمی خوێندنەوەی تابلۆیەکی تر بووم کە نوسرابوو: ( ٥ ی خەرمانان ئەو ڕۆژە پیرۆزە بوو کە کۆمەڵێك زانا و ڕووناکبیر و پێشەوا و مامۆستای ئایینیی، ڕێسمانی ڕێبازی ڕەسەنی خەباتیان دیاریکرد و بە ئاوێتەکردنی خواپەرستیی و هەستی پیرۆزی کوردپەروەریی مەشخەڵی ڕووناکییدەری شۆڕشیان دایە دەستی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان). بینیم هاوڕێیەکەم چۆتە لای برادەران و خەریکی هەواڵپرسینە، هەر چەند بە دڵ تامەزرۆی خوێندنەوەی هەموو دروشمەکان بووم، بەڵام دەبوو منیش بچمە لای ئەو خۆشەویستانە و پیرۆزبایی و دەستخۆشییان لێ بکەم...

دوایی چووینە ژووری بنکە و هاوڕێیانی تریش لەوێ کۆبوون. خەریکی گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوونی بەرنامەکانی سبەی بوون. لە بەرەبەری تەواوبوونی دانیشتنەکەماندا بووین لەپڕ دەنگی نەعرەتەئاسای شێرەکوڕ و کچانی بەشی هونەریی بەسەر دەوروبەردا زاڵ بوو، هەر بۆیە ئێمەش چووین لەگەڵ ئەوان تێکەڵ بووین و تا درەنگ وەختانێك خەریکی تەماشاکردن و ڕاڤە و پرۆڤەکردنی بەرنامە و سروودەکان بووین.

بۆ ڕۆژی ٥ ی خەرمانان لە وێکچوونی تەمرینەکاندا زۆرێك لە پێشمەرگەکان بیرەوەریی ڕۆژانی پێشمەرگایەتیی لە "قەندیل"یان دەگێڕایەوە و یادی ئەو پێشمەرگە هونەرمەندانەیان زیندوو کردەوە کە ساڵانی ئەو کات کاروبارە هونەرییەکانیان چەندە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دابوو. ئەوانیش بریتی بوون لە پێشمەرگەی دەنگخۆش عبدللە مەحموودی و پێشمەرگەی مۆسیقا ژەن و ئاوازدانەر عوسمانی دادکوش و پێشمەرگەی دەنگخۆش ئەحمەدی غولامی و پێشمەرگەکانی بەشی شانۆ، وەک شەهید علی مەحەممەدیی و شەهید وریا و کاك محەممەدئەمین سلێمانی، ئیسماعیل مەحموودی و عەزیزەکان و... زۆری تریان باس دەکردن کە من ناوی هەموویانم لەبیر نەماوە. گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە و یادکردنەوەی ئەو ئازیزانە هێندە بەتام و چێژ بوون حەزمان نەدەکرد کۆڕەکە بەجێبێڵین، بەڵام لەبەر درەنگانی کاتەکە و دابینکردنی هێندێك لە پێداویستییەکان بۆ بەیانی، دەبوو ئێمە بەجێیان بێڵین و خۆمان ئامادە بکەین. ئەو شەوە هەتا درەنگ نەخەوتین و

←

www.arsivakurd.org

لە ڕێگەی ئینتەرنێت و ڕێگاکانی تری پەیوەندییەوە خەریکی ناردنی پەیام و پیرۆزبایی بووین بۆ هاوڕێیانمان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.




بۆ بەیانی شتەکانمان دابینکرد و چووینە بنکەی سەرکردایەتیی و هۆڵی ئاهەنگەکە. بەلامەوە زۆر خۆش و سەرنجراکێش بوو، هەر گۆشەیەک ئاوڕت لێ دەدایەوە جووڵە و چالاکیی لێ بوو، هەموویان پڕ بوون لە وزە و خۆشیی. پرس بەیەکتر دەکرا و هەموو لا هاوکاری یەکتر بوون و پێکەوە کارەکانیان رادەپەڕاند. پاش ماندووبوونێکی بێوچان، هەموومان چاوەڕوانی ئاهەنگێکی خۆشمان دەکرد. هەموو شتێك ئامادەبوو بۆ ئەوەی لەو ڕێوڕەسمە چێژ وەرگرین. لە کاتی خۆیدا ئاواتەکانمان هاتنە دی و چاوەڕوانیی کۆتایی هات.

زۆربەی ئەندام و کادر و پێشمەرگەکان لە بەرگێکی یەکڕەنگی پێشمەرگایەتییدا دیمەنێکی جوانیان بە ژووری مەراسیمەکە دابوو و ئومێدی وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی ڕێبازی ى خەرمانانیان تێدا دەخوێندرایەوە. منداڵە چاوگەشەکانی کۆڕی هونەریی سروودیش لە بەرگێکی یەکڕەنگی ڕەسەنی کوردانەدا هۆڵەکەیان هێندەی دی ڕازاندبووە. خوشکانی پێشمەرگە و ماندوویینەناس و شۆڕشگێڕیش وێڕای هەمووان بە بەرگی سەراپا کوردییەوە سام و شکۆیان تێکەڵ بە هەیبەتی کوردانەی مەراسیمەکە کردبوو. ئەو دیمەنە هێندە جوان و دڵگیربوو، حەزی نەبڕانەوەی ئەو ڕۆژەت بە ئاوات دەخواست.

هەموو ئامادەبووان ڕوویان لە سەکۆی بەڕێوەبردنی بەرنامەکان بوو. لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە ناونووسی خاوەن پەیام و بابەتەکان کرا، پاشان وێڕای پیرۆزبایی و دەربڕینی خۆشحاڵیی و بەخێرهێنانی ئامادەبووانی بەشدار، لەلایەن کاک حەسەن ئارامەوە، بانگهێشتی کاک عەبدوڵڵا عومەرنەژاد کرا. سەرەتای مەراسیمەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز ڕازاوەتر و بەهەیبەت و شکۆدار تر بوو. بە دەنگێکی سۆزدار و دڵبزوێن و پڕ لە لاڵانەوە، واتایەك لە ژووری مەراسیمەکە بە گوێی هەمووواندا دەلەرایەوە کە دەیگوت: پەنا بۆ خوا لە شەڕی شەیتانی نەفرەت لێکراو، بەناوی خودای دەهەندە و دلۆڤان، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەمووی موڵکی پەروەردگارە... جا ئەوەی لە دەروونتاندایە، گەر بیشارنەوە یان ئاشکرای بکەن، خوا هەر ئاگای لێیە و لێتان دەپرسێتەوە... وە بۆ هەر کەسێکیش ویستی نەبێت، سزای سەختی ئەدات... وە خوا بەسەر گشت شتەکاندا دەسەڵاتدارە. پێغەمبەری خوا "محمد" خۆی و باوەڕدارانیش باوەڕی تەواویان هەیە بەوەی کە لەلایەنی خواوە نێردراوە بۆ پێغەمبەر... هەموو باوەڕیان هێناوە بە خودای گەورە و فریشتەکانی و پەڕاوەکانی و پێغەمبەرەکانی و، ئەڵێن: ئێمە لە نێوان پێغەمبەرەکانی خوادادا جیایی بڕیار نادەین، چونکە پەیامی هەموویان هەر یەکێکە... هەروەها ئەڵێن: پەروەردگارا: بڕیارەکانمان بیست و گوێڕایەڵی بووین... داوای لێخۆشبوونت لێ ئەکەین و سەرەنجام گەڕانەوە هەر بۆ لای تۆیە* خوای گەورە زیاد لە ئاستی توانای هەر کەسێك داوای لێ ناکات، بەڵکو داواکان لە ئاستی تواناکان دان... جا هەر کەسێك کارێکی باش بکات ئەوە بۆخۆی کردووە، وە هەر کەسێکیش خراپە ئەنجام بدات هەر بۆخۆیەتی... پەروەردگارا! گەر بەهەڵەدا چووین یان فەرامۆشییمان بەسەرداهات، لێمان مەگرە... پەروەردگارا! بار و ئەرکی قورسی وا مەخەرە سەر شانمان کە لە تواناماندا نەبێت، وەکو باری وات دابوو بە سەر پێشینانی ئێمەدا... خوایە گیان ئەو شتەی لە توانامان بەدەرە و هێزمان پێی ناشکێت، مەیدە بە سەرماندا... تۆ پشتیوانمانیت، سا یارمەتیمان بدە و سەرمان بخە بەسەر کۆمەڵی بێبڕواباندا"*.

دوا بەدوای ئەو پەیامە ئیسلامییە ئیلاهییە، بەو شێوەیەی خوارەوە پەیام و سروود و شێعر و بابەتەکان خوێندرانەوە.

- سروودی (دەمی ڕاپەڕین) لەلایەن بێچوە شێرانی کۆڕی سروودی خەبات.
- پەیامی کومیتەی ناوەندیی لەلایەن مامۆستا (عبدالرحیم معریفەتی)یەوە خوێندرایەوە.
- سروودی "ئێمە سەربازی وەڵاتین" لەلایەن کۆڕی هونەریی سروودەوە پێشکەش کرا.
- پەیامی پیرۆزبایی دەستەی خوشکانی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان لەلایەن خوشکە (مریەم سلێمانی) یەوە.
- خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی دەرەوەی وڵات لەلایەن کاك (فاروقی عەبباسی) یەوە.
- پارچە شیعرێك لەلایەن کاک (ئیسماعیل مەحموودی) یەوە پێشکەش کرا.
- خوێندنەوەی پەخشانێك لەلایەن (سوێسنە دوستی) یەوە.
- وتارێك لەلایەن کاك (حەسەن ئارام)ەوە.
- پەیڤێکی پیرۆزبایی لەلایەن خوشکە (شیلان ئازادی) یەوە.
- پێشکەشکردنی وتە و شیعرێك لەلایەن خوشکە (شەهلا)وە.
- سروودێك لەلایەن دەستەیەك لە پێشمەرگەکان.
- پەیامی پیرۆزبایی کاك (محمد شێخەپوور).
- "تازە لاوان و بەشداریی لە چەمکی خەبات و تێکۆشان" لەلایەن خوشکە (مەرزیە عومەرنەژاد)ەوە.
- سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" لەلایەن کۆڕی هونەرییەوە.
- پەیامێك لەلایەن کاك (ئیسماعیل مەحموودی) یەوە.
- سرودی "هەر بژی خەبات" لەلایەن بەڕێز (عومەر نەژاد)ەوە.
- پەیڤێك لەلایەن کاك (عبداللە)وە خوێندرایەوە.
- گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەك لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکی دێرینەوە.
- بەڕێز مامۆستا (حامیدی مەعروفی) لە هەڵسەنگاندن و بەراوردێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە لەم ڕێوڕەسمەدا گوێمان لە زۆر شتی تازە بوو و بابەتەکان چڕ و تۆکمە بوون، بەتایبەت پەیڤ و بەشداریی لاوان، زانیاریی نوێ و گەرموگوڕی بەرچاویان تێدا بەدی دەکرا.

لە کۆتایی مەراسیمەکە بە گرتنی چەند وێنەیەکی یادگاریی، ئاهەنگەکە بە دڵخۆشیی و سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

دەرەنجامەکانی کۆنگرەی چوار لە مەراسیمی ٥ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٧ ی ک.هـ ی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕدا هێندە زەق و ئاشکرا بوون کە بوونە مایەی خۆشحاڵیی هەمووان و ئەو ڕاستییەیان لێ دەخوێندرێتەوە کە حەماسەتی پاش کۆنگرەی چوار گوڕ و تینی چالاکییەکان زیاتر دەکا و هەنگاوەکان بەرەو سەرکەوتن توندتر دەکا.




لە کۆتایی ئەم خوێندنەوەیەدا گوێ دەگرم بۆ هاواری کۆتاییەکانی پەخشانی "ئاوڕێك لە زێدی دایك" : هۆ دایکی نیشتمان! هۆ دایکی گشتمان! هۆ هیوا و هومێدی گشتمان! دێینەوە لە دەشت و پێدەشتان، لە بانوو و بەندەنان، لە لێرەوار و لێڕ و چڕان، سروودی هەستانەوە و هۆرەی ژیانەوە دەچڕین، پەلاسی ڕەشی داگیرکاریی و دیکتاتۆریی دادەدڕین.

دێینەوە بە شوکرانەی سەرکەوتن لە سەر هەر دوندێك، لە مزگەوتی هەر گوندێك، لە بن هەر دارێك، لە دەم هەر ڕووبارێك کڕنۆش دەکەین، سوجدە دەبەین و دەڵێین:

سبحانك اللهم ربنا و بحمدك

منیش لە زمان مامۆستایەکم دەڵێم: ئەو چەلیشت شوکرێ دەکەم، کو ئیهوالۆکەت گرێ داوە بە گوڕ و تینی گەرمی برایان و خوشکانی کورد ڕێبازی ڕووناکییدەرت بۆ ئێمە زیندوو کردەوە و ورە و هێزی نەسرەوتن تا سەرکەوتنت بە ئێمە بەخشییەوە. هەر بژی خەبات، هەر بژی خەبات.

* * * * *

www.arsivakurd.org

# بازرگانییکردن بە ژن و منداڵان لە ئێران

**فەرمانگەی (ئیدارەی) چاودێرییکردنی بازرگانیی بە مرۆڤەوە لە وڵاتانی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٧ ی خۆیدا لە بارودۆخی قاچاغیی ژنان و منداڵانی چەندین وڵاتی جۆربەجۆری دونیای کۆڵیوەتەوە.**

**ئەو بابەتەی خوارەوە کورتکراوەی ڕاپۆرتی ئەو ئیدارەیە کە دەربارەی قاچاغیی ژنان و منداڵان لە ئێران نووسراوە.**



وەرگێڕانی: گوڵاڵە عەبباسی
golala_abbasi@hotmail.com

وڵاتی ئێران یەکێك لە سەرچاوەکانی قاچاغیی ژنانە بە مەبەستی خراپ کەڵکوەرگرتن لە باری جنسییان و بازرگانیی کڕین و فرۆشتن و بێگارییکردن پێیان. لە هەمان کاتدا ئێران وێستگەی تێپەڕبوونی ئەو کەسانەیە کە قاچاغیی بە ژنانەوە دەکەن بۆ شوێنەکانی دیکە، وە هەروەها ڕێگەی تێپەڕبوونی ژنانە بۆ وڵاتانی دیکەش.

بازرگانییکردن بە ژنان لە ئێران خاوەنی دوو ڕوانگەی ناوەوە و دەرەوەیە. لە ناوخۆی وڵات، بە مەبەستی لەشفرۆشیی، بە زۆریی کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت. یا بە هۆی نەدانەوەی قەرزوقۆڵەکانیان، لەلایەن خزمەکانیانەوە ڕووبەڕووی هاوسەرگیریی نابەدڵ و بەزۆریی دەبنەوە. منداڵانیش لەو نەهامەتییانە بێبەش نین. هاوسەرگیریی بەزۆریی، خراپ کەڵکوەرگرتنی جنسیی و بێگاریی، وەکو سواڵکردن، ئەو دەردانەن کە تووشی منداڵان بوون و دەبن. لەو بارەیەوە منداڵانی ئەفغانیی دانیشتووی ئێرانیش لەوەدا هاوبەشن و تووشی ئەو نەهامەتییە هاتوون.

بەپێی سەرچاوەی ڕاپۆرتی نادەوڵەتیی، ژنان و کچانی ئێرانیی بۆ خراپ کەڵکوەرگرتن لێیان دەنێردرێنە دەرەوەی وڵات. لەو ڕاپۆرتانەدا هاتووە کە ژنان و کچانی ئێرانیی بۆ ئەو مەبەستە دەنێردرێنە وڵاتانی وەك پاکستان، تورکیە، قەتەر، کوەیت، ئیمارات، فەرەنسە، ئاڵمان و ئینگلستان.

لە ڕاگەیاندنەکاندا هەتووە کە ڕۆژانە ٥٤ ژن یا کچی ئێرانیی لە نێوان ١٦ تا ٢٥ ساڵە لە پاکستان دەفرۆشرێن. دەوڵەتی ئێران تەنانە کەمترین هەنگاوی بەرامبەر بە قاچاغیی مرۆڤەکان هەڵنەهێناوە و هیچ هەوڵێکی بەرچاوی لەو بارەیەوە نەداوە. لەبەرامبەر ئەوەدا سەرچاوەی باوەڕپێکراو بەو کێشەیە ئاماژە بەوە دەکات کە لێپرسراوان بە لێدان و بەندکردن و لەسێدارەدانی قوربانیانی قاچاغیی مرۆڤ، تەمبێیان دەکەن و تۆڵەیان لێ دەستێننەوە، بەڵام بەدواداچوونی یاسایی و ئازاردانی قوربانییەکانی ئەم کێشەیە (کە لە ڕاستییدا ئەوە بەربەرەکانییە لەگەڵ دەرئەنجامە ڕاستەوخۆکانی قاچاغیی مرۆڤ نەك بەربەرەکانی لەگەڵ هۆیەکانی) و، ئەوەش نابێتە هیچ سەرکەوتنێك بۆ پاراستنی ژنان و کچان لەو کێشەیە.

**بەدواداچوونی تاوانباران**

دەوڵەتی ئێران بۆ بەربەرەکانییکردن و ڕێگەگرتن لە قاچاغیی ژنان و منداڵان، بەپێی ئەو یاسایەی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا جێبەجێ کرا، هەموو شێوە قاچاغێکی بە مرۆڤەوە ڕاگەیاند. ئەو سزایانەی کە لەو یاسایەدا دژی قاچاغیی مرۆڤ هاتبوون زۆر سزای سەخت بوون، تەنانەت سزای لەسێدارەدانیشی تێدا هاتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەی دەربارەی بەدواداچوون و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو کارە نەکردووە و تەنانەت تا تەواوکردنی ئەم ڕاپۆرتەش هیچ چەشنە هەواڵێك دەربارەی سزادانی ئەنجامدەرانی ڕانەگەیاندووە.

## پارێزگارییکردن لە قوربانییان

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لە ئێران ڕەوشی قوربانییانی قاچاغیی مرۆڤ باشتر نەبووە. حکومەت نە تەنها پارێزگاریی لە قوربانییان نەکردووە، بەڵکو بە بەهانەی دەرچوونیان لە دەستووری خووڕەوشت و بە بەهانەی ئەنجامدانی زینا دەستگیریان دەکات و سزایان دەدات.

حکومەتی ئێران یاسایەکی وەهای نییە لەبری ئەوە بکەوێت کە ئەو کەسانەی دەبنە قوربانیی دەستی قاچاغیی مرۆڤ و لە چوون بۆ ئەو وڵاتانەی ناچارن ڕووی تێ بکەن و تووشی کێشە و چەرمەسەریی دەبن، بسەلمێنەوە. حکومەت لە هەمان کاتدا بە هاندانی قوربانییان و لە ڕێگەی ئەوان و هاوکاریی لێپرسراوان هەوڵ نادات کە قاچاچییانی مرۆڤ و ئەنجامدەرانی ئەو کارە دزێوە بدۆزێتەوە و بزانێ کێن و سزای یاساییان بدات.




دەوڵەت لە ڕێگەی "ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی" (سازمان تأمین اجتماعی) لێپرسراوەتیی ئیدارەی ٢٨ ی بەشی پارێزگارییکردنی لە ئەستۆ دایە. ئەرکی ئەو شوێنە دابینکردنی پەناگەیەك و پارێزگارییکردنی ئەو کچانەیە کە لە ماڵی خۆیان هەڵاتوون و کەوتوونە بەر مەترسیی کڕین و فرۆشتن، بەڵام ڕاپۆرتەکان نیشان دەدەن کە لەلایەن کارگەرانی ئەو شوێنانە و هەروەها باقیی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت دەستدرێژییان دەکرێتە سەر.

## ڕێگەگرتن لە کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ

ئێران، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی لەبارەی ڕێگەگرتن لە بازرگانیی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ بە خۆوە نەدیوە. لەو ئاستەدا دەبێت هێندێك هەوڵی خێرا بدرێت بۆ ئەوەی سنووره هاوبەشەکانی ئێران لەگەڵ پاکستان و وڵاتانی دەوروبەری، کە ژنان و منداڵان لەو شوێنانەوە دەبردرێنە دەرەوە و بە قاچاغیی دەنێردرێنە وڵاتانی دیکە، بخرێنە ژێر چاوەدێرییەوە.

ئێران هەروەها دەبێت شێوەی سەفەرکردنی ژنان و کچان بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە بازاڕی بێگاریی و بازرگانیی جنسیی ئافرەتانی ئێرانە، بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە.

لە کۆتاییدا دەبێت ئێران لە ڕێگەی بەرنامەی پەروەردەیی و زانیاریی بڵاوکردنەوەوە ئاستی تێگەیشتنی ژنان و منداڵان لە مەترسیی قاچاغییکردن بە مرۆڤەوە پەرەپێبدات.

**سەرچاوە**
mazanan.com

www.arsawakurd.org

# خوێندن

# لەژێر دەسەڵاتی کۆماری بەنێو ئیسلامیی ئێراندا

**بێستانچیی**



وەرزی پشووی خوێندن کۆتایی هات و لەگەڵ یەکەم رۆژی مانگی رەزبەری ئەمساڵ دەرگای فێرگە و قوتابخانەکان کرانەوە و ساڵی تازەی خوێندن (١٣٨٧-١٣٨٨) دەستی پێکرد و ئاپۆرەی قوتابیان پۆل پۆل روویان کردەوە قوتابخانەکانیان، بەو هیوایە کە بە گەشەی ئاستی زانیاریی و تێگەیشتنیان، گەشە بە پێشکەوتنی گەل و وڵات بدەن و بە تیشکی زانست و زانیاریی، درِ بە شەوەزەگی نەزانیی و دواکەوتوویی بدەن.

دستەبەرکردنی زانیاریی و پەرەپێدانی خوێندن لەنێو هەر گەل و نەتەوەیەکدا، هۆکاری سەرەکیی پێشڤەچوونی ئەو گەل و وڵاتانەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. هەر بۆیە دەبینین کە تیشکی خۆری بووژانەوە، وزە و رووناکیی بەخشیوەتە ئەو وڵاتانەی گرینگیی بە خوێندن دەدەن و پلان و بەرنامەی تایبەتیی بۆ دادەنێن و توانا و بودجەی پێویستی بۆ تەرخاندەکەن و وەڵامی هەموو ئاتاجییەکانی ئەو بوارە چارەنووسسازەی ژیانی کۆمەڵگە دەدەنەوە و بە زیاتر و باشترکردنی ئاست و رادەی فێرگە و قوتابخانەکان و پەروەردەکردنی مامۆستاکان بە شێوەی شیاو و سەردەمیانە و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی هاووڵاتیان، دەرووی بەشداریی لە کۆکردنەوەی زانیارییدا لە بەردەم زانستدۆستاندا فراوانتر دەکەن و لەم رێگایەوە نهێنییەکانی ژیان ئاشکرا دەکەن و رێگە خۆش دەکەن بۆ وەدەستهێنانی هۆکار و ئامرازەکانی پێشکەوتن و بەختیاریی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی بۆ کۆمەڵگاکانیان دابین دەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو گرینگییەی خوێندن و رۆڵی بەرچاوی زانیاریی و خوێندەواریی لە ژیانی کۆمەڵدا و رادەی پێویستیی مرۆڤەکان بەو بوارە و لەژێر شەبەقی ئەو راستییانەدایە کە ئایینی مرۆڤسازی ئیسلام گرینگیی لەرادەبەدەری بە فێربوون و فێرکردن داوە. لە سەرچاوە بێخەوش و تێر و تەواوەکەی ئیسلامدا چەندین دەقی روون و ئاشکرا، تاك و کۆمەڵگەی مرۆڤ بانگ دەکەن بۆ فێربوون و گەشەپێدانی زانیاریی وەك ئەرکی پێویستی سەر شانی هەموو ژن و پیاوێکی موسڵمان سەیری دەکا و لەم پێناوەدا سنوور و لەمپەرەکان دەپەرِێنێ و فەرمان دەکا کە لەم پەرِی دونیاوە بۆ ئەوسەری دونیا بە دوای خوێندندا بگەرِێن و، گەلێك ئەرك و فەرمانی دیکە لە سەر شانی فێرخوازان لادەبا و ئیمتیاز و مافی تایبەتیان دەداتێ بۆ ئەوەی دەرفەتی لەباریان بۆ برِەخسێنێ تا بە پلەکانیدا سەرکەونە سەر لووتکەی کەماڵ و پێشکەوتن.

یەکەم وشەی قورئانی پیرۆز کە لێهاتووترین مرۆڤی وەك نوێنەری بەرەی بەشەرییەت هۆشیارکردەوە و هەست و هۆشی خەوتووی مرۆڤایەتیی بێدار کردەوە، وشەی ((بخوێنە)) بوو- کە هەر لە سەرەتاوە چەندین جار دووبارە کرایەوە- لە ژێر راڤەی ئەم وشەدا گوێچکەی مرۆڤ بە گرینگیی و پێویستیی خوێندن ئاودرایەوە و عیلم و خوێندن و قەڵەم بوونە بنەما و بناغەی پتەوی ئایین و یاسا و رێسایەك کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیی هەموو بوارەکانی ژیانمانە و پەیرەویی و پیادەکردنی، بەختیاریی و تەبایی و هێمنایەتیی و ئاسوودەیی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان دابین دەکات.

هەموو ئەو راستییانەی سەرەوە پێمان دەڵێن: ئاگا بن! هۆشیار بن! بێدار بن! کەمتەرخەمیی نەکەن لە بەرینترکردنی گۆرِەپانی خوێندن و زانستدا و وزە و توانای خۆتانی بۆ تەرخانکەن و بە هەست بە لێپرساوییەوە ئەو ئەرکە گەورە و گرینگەی سەر شانتان ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی مافەکانتان بناسن و هەموو لایەك بە مافی خۆی بگا و لە جیاتی دەستدرێژیی بۆ سەر مافی یەکتر، تیکرِا و پێکەوە پارێزەری مافی تاك و کۆمەڵ بن.

سەرنجدان و وردبوونەوە لەو راستییانەی لەمەرِ خوێندن ئاماژەمان بۆ کردن، بۆ ئێمەی کوردی مافخوراو و بێبەشکراو لە زۆربەی بەر و بەهرەکانی ژیان، لە هەموو کەس پێویستتر و بەجێترە، چونکە داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان سەرەرای لەتوپەت و دابرِدابرِکردنی وڵاتەکەمان و پێشێلکردنی مافە رەواکانمان، بوونە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم گەشەی خوێندن و زانیارییمان و بە سەپاندنی زمانی بێگانە بەسەر رۆڵەکانی گەلەکەماندا، زمانی نەتەوەیی خۆمانیان لێ قەدەغە کردووین و بەم کارەیان ئاستەنگی گەورەیان لەسەر رێگەی پەرەپێدانی خوێندن و خوێندەوارییمان داناوە. بە تایبەت ئەم بارە نالەبارە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی رەشی رژیمی بە نێو ئیسلامیی ئێراندا گرفتی زیاتری بۆ گەلەکەمان دروست کردووە و بە قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی زگماك و بەزۆرفەرزکردنی زمانی نەتەوەی زاڵ و دەسەڵاتدار بەسەر قوتابی و خوێندکاری کورددا، سەرەرای رێگرتن لە گەشەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەییمان، بیری چەوت و فەرهەنگی تایبەت و وێژە و سیاسەت و مەزهەب و رێوشوێنی خۆیان، بە زۆرەملیی بەسەر گەلەکەماندا سەپاندووە و بەم کارەش بەراستیی کۆسپی گەورەیان لەبەردەم گەشەی زەین و زانیاریی خوێندکارانی کورد داناوە، چونکە گومانی تێدا نیە کە خوێندن و فێربوون پێویستی بە باری دەروونی ئاسوودە و لەبار هەیە و بە زۆر سەپاندنی فەرهەنگ و زمان و بیری زاڵ و زاڵم و چەوسێنەری وەك دەسەڵاتدارانی ئێران کە لە هیچ چەشنە دەستدرێژیی و زێف و درِندەییەك دژی کورد درێغییان نەکردووە، ناشێ خزمەت بە زەین و دەروونی خوێندکاری چەوساوە بکات و بە هێمنیی و بە بێ گرفت وەریبگرێ و بە دڵخۆشیی و چالاکییەوە بە پەیژەکانی خوێندندا سەرکەوێ. ئەوە بە شێوەیەکی تایبەت، لە ئاستێکی گشتیی و بەرینتریشدا تەگەرە لەبەردەم خوێندکاری کورد دادەنێ و رێگە نادا لە ئاستە باڵاکانی خوێندندا هەموو کەس بەپێی توانا و وەك یەك لە خوێندندا بەشداربن، بەڵکوو چەند پێوەرێکی لاوەکیی و دوور لە زانستیی بۆ دەستەبەرکردنی کۆرسی خوێندن لە زانکۆکان داناوە کە هەموویان لە چوارچێوەی دابینکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی رژیم دان و تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن دەرگای زانکۆکان بکەنەوە و لە زانکۆکان بخوێنن کە بەسیج، دەستندەخۆر، سیخورِ، خانەوادەی بەنێو شەهید و..... یان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە خزمەتی سیاسەت و دامودەزگاکانی ئەو رژیمەدا بووبن. ستەم و زێف و نابەرامبەرییەکانی حوکمی دوور لە دادگەریی ئەو رژیمە هەر لەو بوارەدا ئەوەندە زۆر و بەرچاون کە لە چوارچێوەی وتار و پەیامێکدا باس ناکرێن و پێویستیان بە.....

**“سەرنجدان و وردبوونەوە لەو راستییانە، بۆ ئێمەی کوردی مافخوراو و بێبەشکراو لە زۆربەی بەر و بەهرەکانی ژیان، لە هەموو کەس پێویستتر و بەجێترە، چونکە داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان سەرەرای لەتوپەت و دابرِدابرِکردنی وڵاتەکەمان و پێشێلکردنی مافە رەواکانمان، بوونە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم گەشەی خوێندن و زانیارییمان”**

بۆ لاپەرە ٧

www.arsivakurd.org

بەدڵنیاییەوە وا گەیشتۆتە سەر بەر. ئێمەش توێژێکی وریاین، ئێمە بە پاڵپشتیی هەموو ئەو پێداگرییانە بۆ جێگیرکردنی چەمکی پەروەردەیی لە کۆنگرەی چواری ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان لە گەڵتانین، لە پشتتانین.

بۆ پێشەوە بەرەو دەستەبەرکردنی چەکی زانست و هۆشیاریی زیاتر. پایەدار و لەبەرچاو و سەرفراز و سەرکەوتوو بێ خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان.

* * * * *

# تازەلاوان و

# بەشداریی لە چەمکی خەبات و تێکۆشاندا

**مەرزیە عومەرنەژاد**




با دەسەڵاتی ڕەوایی ئەو سەردێرە بە ئێوەی بەڕێز بسپێرم، بەو هیوایەی پاش تەواوکردنی بابەتەکەم لێکیدەنەوە، تێکیکەنەوە، ڕێکیخەنەوە.

من وای تێگەشتووم کە سەرەتاییترین قۆناغی بەربەرەکانی بۆ زەمینەخۆشکردن بەشداریی مرۆڤەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی سروشتی ژیاندا بریتییە لە برینی پلە بە پلەی تەمەن تا دەگاتە ئاستێك کە ناوی تازەلاوی گونجاوترین پێناسەیە بۆ ئەو قۆناغەی تەمەن. وێڕای ئەوەش بە پێویستی دەزانم ڕوونیکەمەوە کە هەرکات مرۆڤ هەستی سەربزێویی و دزەکردنی زیاتری بەرەو پرسە جۆراوجۆرەکان لە هزر و دەروونیدا وەجۆش هات و دەرەنجامەکەی گەیشتە خۆتێوەگلان و لێدوان و دەستتێوەردان، دەکرێ ئەو مرۆڤە تازەتێگەیوەوە لە ڕوانگەی خەڵکانیش دیاربێت کە پێگەیوە و پێناسەی تازەلاوی بۆ داڕێژێ.

لەمەڕ کاریگەریی تازەلاوان بە بەشدارییکردنیان لە چەمکی خەبات و تێکۆشاندا، دیاردە سەیر و سەمەرەکان لە سەردەمی نەوروزدا زەقبوونیان زۆر کاڵتر لە پێشوو دێتەبەرچاو، چونکە هەر دەم و ساتە بەرەو داهێنانێکی نوێ هەنگاودەبرین و مرۆڤایەتییش سوود و زیانەکانی ئەو داهێنراوانەی پێشتر بۆ لێکدراوەتەوە، تازەلاوانیش چینێکی تێپەڕیوی ئەو دنیا سەیرەن کە ئەمڕۆ لە هەموو دنیادا بەکەڵکوەرگرتن لە سیستەمە پەروەردەکەیان دەکرێ هزر و جەستەی پڕ لە وزەیان وەگەڕبخرێت بۆ هاتنە نێو گۆڕەپانی خزمەتگوزارییە سروشتیی و مرۆڤایەتییەکان.

ئێمەی تازەلاو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە، بە ئیرادەی پۆڵاین و هەرگیز نەبەزیو هاتووین و دەڵێین ئێمەش هەین و لە گەڵتانین. هیوادارم بڕوام پێ بکەن کە دنیا لەگەڵ تەنیا دەساڵ پێش ئێستا زۆر گۆڕاوە. دیارە کە بە من ناشارردرێتەوە، خەمخۆرەکانی ئێوە بە دانەبڕان لە هەموو سیستەمە پەروەردەییەکان ڕێگەی بۆ ئێمە خۆشکردووە کە هۆشیاربین و بتوانین ئیرادە و توانای خۆمان بۆ ئێوە پێناسە بکەین.

بەدڵنیاییەوە هاتووین پێتان بڵێین هەڵە پڕ لە مەترسیی و سەرەکییەکانی ژیان و خەبات بۆ ئێمە ناسراوە. لەو ڕێیەدا بە ویستی خۆمان و بە ئیزنی ئێوە فیداکاریی دەکەین. ئێمە شانازیی بە خۆڕاگریی و دەربەدەریی و خۆشەویستییتان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەمان دەکەین و ئێمەش بە پاڵپشتی ئێوە ئەم ڕێبازە دەگرینەبەر و ترسی هیچ جۆرە چەوسانەوە و نەحەوانەوەیەکمان نییە. مادام ئامانجەکانمان بەرەو ئاسۆیەکی گەشمان دەبەن، لە پێناویاندا خەبات دەکەین. ئێمە چیدیکە نابینە لەمپەر لەحاست ئاسوودەییەکانتان بۆ تێرکردنی حەزە مندالیوەکانمان.

تا ئێرە لە ئەداکردنی ئەرکەکانتان نەوەستاوین، ئەو کۆڵنەدانەتان

## یانەیەکی بەناوبانگی وەرزشیی کرواسیی (کرواتیا)، ١٩ "قەشە"ی ژن بۆ دوعاکردن دەکرێت

**"بۆئەوەی نازناوی خولی یانەکان بەدەست بێنیت، قەشە بکڕە بۆئەوەی دوعای خێرت بۆ بکات".** ئەمە مانشێتی ڕۆژنامەی یانەیەکی ناوداری وڵاتی کرواسییە."



یانەی (هیدۆك سبلیت)، کە یەکێکە لە یانە ناودارەکانی کرواسیی و لەسەردەمی یۆگۆسلاڤیای پێشوو (٩) جار بۆتە پاڵەوانی خولی یانە ناوخۆییەکان و دواتریش (٦) جار بۆتە پاڵەوانی خولی یانەکانی کرواسیی، گرێبەستێکی سەیر و سەمەرەی لە مێژووی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی (تۆپی پێ)دا ئەنجام داوە، ئەویش بە کڕینی (١٩) قەشەی ژن، بەمەبەستی دوعا و نزاکردن بۆ یانەکە تا بەو هۆیەوە نازناوی خولی کرواسیی بەدەست بێنێ و لە سەرکەوتنەکانی بەردەوام بێت.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی (فیتشرنی لیست)ی کرواسیی، کە ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ و بەربڵاوە، گرێبەستەکە لەنێوان لێپرسراوانی یانەکە و قەشە ژنەکان ئیمزا کراوە و بەپێی ئەو گرێبەستەش، هەر قەشەیەك لە بەرامبەر دوعاکردن بۆ یانەکە، مانگانە (٣٥٠٠) یۆرۆ وەردەگرێت.

خاتوو "ئەنسلیما" کە یەکێکە لەو قەشە ژنانەی گرێبەستەکەی لەگەڵدا ئیمزاکراوە دەڵێ: گرێبەستەکە لەنێوان ئیدارەی یانەی (هیدۆك سبلیت) و یەکێك لە کەنیسەکانی پارێزگای (زادار) ئیمزا کراوە، ئێمە ئێستا ئەندامی ئەو یانەیەین و ئاگامان لە هیچ وردەکارییەکی دیکە نییە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە، تەنها دوعاکردنە"!!




www.arsivakurd.org

# دواین وانە

**ئامادەکردنی: سومەییە**




ئەمڕۆ بەیانیی کەمێك درەنگتر لە ڕۆژانی دی بەخەبەرهاتم. بەخۆمم گوت: پەلە بکەم یا نەکەم هەر درەنگ ئەگەمە قوتابخانە و، مامۆستاش لەبەر ئەوە لێم تووڕە ئەبێ، خراپتریش لەوە ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە تاقیکردنەوەی "دستور زبان"م هەبوو و هیچ شتێکیشم نەدەزانی.

لەپڕ بە مێشکمداهات کە هەڵێم لە قوتابخانە و تا نیوەڕۆ لە دەشت و دەر قەدەم لێدەم. بەڵام زۆر زوو بەخۆمدا هاتمەوە کە ئەو بیرە لە مێشکم دەرکەم، بۆیە هەر زوو جلەکانم گۆڕیی و بەرەو قوتابخانە کەوتمە ڕێ.

کاتێك گەیشتمە ناو شار، ئەو جێیەی هەواڵی شەڕی تێدا بڵاودەکرێتەوە، دیم خەڵکێکی زۆر نووسراوە و پلاکاتیان پێیە و بەملا و لادا دێن و دەچن. بە خۆمم گوت: ئەمجارە ئیتر چی ڕوویداوە؟!، بەڵام چونکە بۆ قوتابخانەکەم درەنگ بوو پێم باش نەبوو ڕاوەستم و بزانم چ باسە.

کاتێك بەپەلە ئەڕۆیشتم تا زووتر بگەمە قوتابخانە، ئاسنگەرێك، کە یەکترمان دەناسیی و لەگەڵ بەردەستەکەی لەوێ بوو، پێی گوتم: پەلەی مەکە، مەترسە، هێشتا درەنگ نەبووە و لە وەختی خۆیدا دەگەیە قوتابخانە. منیش پێموابوو گاڵتەم لەگەڵ دەکات، بەڵام کاتێك لە قوتابخانەکەم نزیك بوومەوە زۆر ترسام. هێندەی نەمابوو بگەمە ناو پۆل، گوێم لە دەنگی هاوڕێکانم بوو، وانەی ڕۆژی پێشتریان دووبارە دەکردەوە. ویستم لەو کاتەدا بچمە ژوورەوە بەبێ ئەوەی مامۆستا پێم بزانێ، بەڵام کە دەرگام کردەوە دیم هاوپۆلەکانم هەمووی لەسەر جێی خۆیانن و مامۆستاش بە هێواشیی لەناو پۆل پیاسە دەکا. کاتێك دەمڕوانیە مامۆستا زۆر خەجاڵەتییم دەکێشا و لە شەرمان سوور ببوومەوە، بەڵام بێ ئەوەی مامۆستا تووڕەبێ سەیرێکی کردم و گوتی: بچۆ دانیشە. ئەوەندەی نەمابوو دەرسمان دەست پێبکات. منیش چووم دانیشتم.

ناو پۆلم بەشێوەیەکی دی بەرچاوی دەهات، مێز و کورسیەکان لە جێی خۆیان نەمابوون، نەمدەزانی چی ڕویداوە و بۆچی ئەمڕۆ لەگەڵ ڕۆژەکانی دی جیاوازیی هەیە. مامۆستا زۆر بە ئارامیی ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی: منداڵەکان ئەمە دوایین وانەیە کە بە ئێوەی دەڵێم. لە "بێرلین" دەستووریان داوە کە لەمەودوا ئەبێ بە زمانی ئاڵمانیی دەرس بخوێنن، ئەمە دوایین جارە بە زمانی فەرانسیی، واتا زمانی دایکیی خۆتان، دەرس دەخوێنن. بۆیە داواتان لێدەکەم جوان گوێ بگرن. منیش لە خۆمم پرسی ئەبێ "زمانی دایك" بە چی بڵێیت!، من کە ئێستاش نازانم جوان بنووسم و جوان بخوێنم، بۆچی نەچم لە دەرەوە یاری بکەم و خەریکی گرتنی بەچکە چۆلەکە بم، بەڵام هاتەوە یادم کە ئەمە "دوایین وانە"یە ئەم مامۆستایە دەبینم. تازە زانیم بۆچی هاوپۆلەکانم بەبێ دەنگیی دانیشتوون. بێدەنگیی ئەوان نیشانەی پەشیمانیی و ڕێزلێنان بوو بۆ ئەو مامۆستایەی ماوەی چل ساڵ لەو گوندە وانەی گوتۆتەوە.

لەو فکرەدا بووم کە نەتوانم وانەکە بۆ مامۆستا بەبێ هەڵە بخوێنمەوە. هەرواش بوو. لە چەند پیتی سەرەتا گرفتم بۆ دروست بوو. زۆر ترسام و لەڕووم نەدەهات سەرم بەرز کەمەوە، بەڵام مامۆستا زۆر بە نەرمیی پێی گوتم: هیچت لێناکەم کوڕم، بەداخەوە ئێمە وا فێربووین کە بەخۆمان بڵێین(( ئەگەر ئێستاش فێرنەبین بۆ سبەی و دووسبەی)). هەر وڵاتێك کە زمانی خۆی لەبیربکات وەکوو کەسێکی گیراو وایە کە کلیلی گرتووخانەکەی بزر کردبێت.

مامۆستا کتێبێکی "دستور زبان"ی هەڵگرت و بۆی خوێندینەوە. بەلامەوە زۆر ئاسان بوو، کەمێکیشم نووسییەوە. جارجار سەرم هەڵئەبڕی دەمدی مامۆستا زۆر بە وورياییەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانیی، وەك ئەوەی دەیگوت بۆ دواین جار جوان بڕوانێت. قەول وابوو سبەی بۆ هەمیشە لەو قوتابخانەیە بڕوات. هەموومان لە ناڕەحەتیی و لە خەفەتان بێتاقەت بووین، فرمێسك لە چاوانمان دەهات.

لەپڕ زەنگی قوتابخانە لێیدا و تەواوبوونی وانەی ڕاگەیاند. مامۆستا هەستایە سەر پێ و بە ئێمەی گوت: هاوڕێکانم!... بەڵام نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات. لەتێك گەچی هەڵگرت و بە هەموو تواناى لە سەر تەختە ڕەشەکەی نووسی:(( هەر بمێنێ زمانی دایك)).

ئەو هەر لەجێی خۆی ڕاوەستا و نەیتوانی قسە بکات، ئەوەندە نەبێت کە بە جووڵانی دەستەکانی بە ئێمەی گوت: وانە تەواو بوو، دەتوانن بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانتان.

* * * * *

پاشماوەی **خوێندن لەژێر دەسەڵاتی....**

...... پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و نووسینی تایبەت هەیە لەو بوارەدا.

لەم قۆناغەی ئێستادا، ئەرکی سەر شانی مامۆستا و خوێندکارانی کورد ئەوەیە کە بە تێگەیشتن لەو ڕاستییانەی باسکران، بە گوێرەی توانا خەمی خوێندن و پێشکەوتن و پەروەردەی ڕۆڵەکانی کوردیان لەبەربێ و سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و گرفتانە، بە پشوودرێژیی و خۆڕاگریی و نیشتمانپەروەریی و گیانی کوردانەیان، سەنگەرەکانی فێربوون ئاوەدان بکەنەوە و بە گەشەی بیر و زانیاریی، ئاسوودەیی و پێشکەوتن و بەختیاریی بۆ گەلەکەمان بکەنە دیاریی.

لە کۆتاییدا بەبۆنەی دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندنەوە، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی هەموو مامۆستا و قوتابی و زانستدۆستانی گەلەکەمان دەکەم و سەرکەوتنیان لە خزمەت بە گەل و وڵاتەکەماندا لە خوای گەورە داواکارم.

ئێوە ڕێبەر و پێشەوا و خەمخۆری گەل و وڵاتن و دایکی وەتەن و کوردی ڕەسەن چاوی لێتانە و تەمای پێتانە.

* * * * *

www.arsivakurd.org

# بۆ برا و خوشکە بەندکراوە سیاسییەکانم

**بە ناوی بەدیهێنەری سروشتی جوانی کوردستان**

**ئاریا موکریانی (شۆڕش)**



خوشک و برا دیلەکانم!

لە دڵی بەکوڵەوە هێندی بەرزیی قەندیلی داگیرنەکراوی کورد و بەقەد باڵای سەفین، سڵاوتان ئاراستە دەکەم. بەو هیوایەی سڵاوەکانی من، کە لە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازدییخوازەوە سەرچاوە دەگرێت، تۆسقاڵێک دیوی سارد و سری گرتووخانەتان بۆ گەرم بکات و ورەی بەرزتان هێندەی تر بەرز بکات.

ئازیزەکانم!

لە ڕێگای دوورەوە دەستە بەندکراو و بە کەلەبچە بریندارببووەکانتان ماچ دەکەم و کڕنۆش بۆ دڵی پڕ لە هیواتان دەبەم. ئاواتەخوازم ئەسرینە سوێرەکانی چاوە تەڕەکانم تۆزێک لە ئازاری برینەکانی لەشتان کەم بکاتەوە. هیوادارم ئازارەکانی گرتووخانە و ئازاری کەلەبچە و ساردیی ژوورەکانتان دڵی گە رمی پڕ ئامانجتان سارد و ورەی بەرزتان پێ نزم و چۆکتان پێ دانەدات. دەزانم ئێوە زۆر لەوانە زیاترن ورەتان بەمانە نزم بێت و بە وێنەی چیاکانی کوردستان خۆراگرن، هەر بۆیەش دوژمنانی بوغز مژیو و شەمشەمەکوێرەکانی خۆر نەدیو قینی ڕەشیان لێ داگرتن و بە بیانووی پڕوپووچ هەوڵی لەناوبردنی ئێوەی تامەزرۆی ئازادیی، ئێوەی کە هەموو تەمەنتان لەپێناو وەدیهێنانی خەونی گەلەکەتاندا دانا، ئێوە کە هەموو هەوڵتان بۆ ئازادیی و ئاوەدانیی کوردستان بوو، دەدەن.

ئەوان لەوە دەترسان کە ڕۆژێک ئێوە بە قەڵەمە کانتان دەستی داگیرکەرانەیان لە بێخەوە دەقرتێنن و ڕێگە نادەن چیتر خاک و وڵاتمان لێ زەوت بکەن. دەیانزانی بە زانست و بیربڕستتان خزمەت بە کۆمەڵگاتان دەکەن و دەبنە کۆسپ لە ڕێگەی وەدیهاتنی خەونە گڵاوەکانیان. دەیانزانی کە ئێوە ناهێڵن چیتر لاوانی کورد، کە داهاتی سەرەکیی دوارۆژی وڵاتمانن، بە سیاسەتی چەپەڵی ئە وان ببنە دوژمنی یەکتر و بە لاڕێدا بڕۆن. ئەوان دەیانویست چەکی ئێوە، کە قەڵەمەکانتانن، بێدەنگ بکات تا بتوانن بەبێ لەمپەر و چەڵەمە درێژە بە تواندنەوەمان بدەن، بەڵام خەیاڵیان خاوە. چوون ئەوان نازانن ئێوە بوونە مەشخەڵبەدەستی کاروانی ئازادیی و تەنانەت لە ژووری گرتووخانەشدا ناهێڵن ئاگری ئەم مەشخەڵە بکوژێتەوە و ڕێمان لێ تاریک بێت.

دەسا برا قوربانی ورەی پۆڵایینتان!

بە خۆڕاگرییتان بە دوژمنانی کورد بسەلمێنن کە ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان. بە کۆڵنەدانتان دەرسی خەبات و هەوڵدان فێری گەنجانی وڵاتمان و بە یەکبوونتان دەرسی یەکگرتوویی فێری سەرکردەکانمان بکەن با ئەوان لە ئێوەڕا فێری یەکگرتوویی و پشتنەبەستن بە بێگانە بن. با بزانن یەکگرتوویی مرۆڤەکان دەتوانێ هەموو سیستەمێک بڕووخێنێ و تاکە ڕێگەی سەرکەوتنی ئێمە یەکبوونمانە.

برا، فیدای ورەی بە وێنەی قەندیل بەرزی مردن ترسێننتان!

ڕێگە بەرمەدەن کە سەرکەوتنمان نزیکە. دڵنیابن دوعای هەموو دایکانی شە هید و گەلی کورد لەگەڵتانە و هیچ کات ئەم ڕێگەی ئێوە بێ ڕێبوار نابێت و هەتا دەرکەوتنی هەتاوی ئازادیی ئەم ئاگرە ناکوژێتەوە.

بەهیوای سەرکەوتن و دیتنەوەتان بە ئازادیی و لە وڵاتێکی ئازاددا.

* * * * *

## لە وتەکانی مامۆستای شەهید، مامۆستا مەلا خدر عەبباسیی، لە یادی ١١ ساڵەی وەفاتیدا!



مامۆستای شەهید:
**مامۆستا مەلا خدر عەبباسیی**

.....ئیسلام بزووتنەوەیەکی ڕزگارییدەرە بۆ هەموو کۆمەڵانی بەشەر. موسڵمانی بەڕاستیی ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە لەپێناو پیادەکردنی یاسای خودادا و هەتا دەستەبەرکردنی داد و دادگەریی و ئازادیی و بەرابەریی و بنەبڕکردنی هەموو جۆرە ستەمێك، لە نەتەوایەتییەوە بگرە هەتا چینایەتیی و هتد...، بەبێ ترس لە هیچ هێزێك، خەبات بکا و خەڵاتی شەهادەتیش لەم ڕێگایەدا بە گەورەترین دەستکەوت و شانازیی دەزانێ.

موسڵمانی بەڕاستیی ئەو کەسەیە کە جەوهەری شۆڕشگێڕیی لە دەماریدایە و باوەڕی نەگۆڕاوی بەو ڕاستییە هەیە کە ئیسلام جووڵانەوەیەکی ڕزگارییدەرە بۆ گەلانی ژێرچەپۆکە و بۆ کۆمەڵانی چەوساوە و، لە ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ ئەوپەڕی ڕێز دەگرێ. ئەو موسڵمانە ڕاستەقینە قەت خۆی وەك دەستەوستان و چ لەدەست نەهاتوو چاولێناکا و بە دڵەخورپەوە چاو لە ئاسمان نابڕێ داخوا کەنگێ خودا موعجیزەی بۆ دەخولقێنێ و بە خۆی و مەلائیکەتانەوە بە هانای کۆمەڵی بەشەرەوە دێ و داموودەزگای ستەمگەرە ڕەنگاوڕەنگەکان دەپێچێتەوە! بەڵکوو دەزانێ ئەو خەباتە ئەرکی ئەندامانی کۆمەڵە و باوەڕی تەواوی بەو ڕاستییە هەیە کە ئەگەر مرۆڤ بۆخۆی بەگژ دیاردە ناحەز و ناڕەواکاندا نەچێ و کۆشکی زۆرداران تەفروتونا نەکا و تاڵاوی نەمان بە گەرووی زۆرداران و ستەمکاراندا نەکا، کە ئەرکی سەرشانی خۆیەتی، خودا ئەو ئەرکە لەبری مرۆڤ ئەنجام نادا. قورئان بە ڕوونیی لەم بارەوە دەفەرموێ:" ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیر ما بانفسهم..." واتە خودا ئاڵوگۆڕ بەسەر بارودۆخ و ژیانی هیچ گەلێکدا ناهێنێ هەتا بۆخۆیان هەوڵ نەدەن بۆ گۆڕینی حاڵی خۆیان..."

ئیسلام وەك بزووتنەوەیەکی ئازادییبەخش لە جیهاندا ئەوکاتە لە بەربەرەکانیی و خەبات ڕادەوەستێ کە ڕەگ و ڕیشەی هەموو ئەو ستەم و فەساد و دیاردە ناحەزانە وشك ببوبێ و گەلانی جیاجیا لە ئاستێکی وەك یەکدا بژین. پێوەندیی کۆمەڵایەتیی لەسەر بناغەی دادپەروەرییەکی تەواو دامەزرابێ کە ئاسەواری چەوسانەوە لەنێو کۆمەڵدا بەگشتیی بەرچاو نەکەوێ. مرۆڤ لە هەر ڕەگەز و بنەچەیەك و خاوەنی هەر زمان و ڕەنگ و مەزهەبێك بێ ڕێزی شیاو و وەك یەکی بۆ دابندرێ و هتد... کەوابوو هەتا ئاسەواری ستەم "بە هەموو جۆرەکانیەوە" لەنێو کۆمەڵگای بەشەر وەبەرچاو بێ بەربەرەکانیی و بەگژداچوونی ئەرکێکی خوداییە بەسەر ئەستۆی موسڵمانانەوە.

**جۆزەردانی ١٣٧٢ ی کۆچیی - هەتاویی**

www.arsivakurd.org

# وڵاتی خاسان



عەبدوڵڵا عومەرنەژاد
abdulla1359@yahoo.com

بینیمی هەڵاڵە و سوێسن لە هەموو لایەک پشکوتبوون و بۆنی گوڵی یاسەمەن ئەو ناوەی پڕکردبوو.. هەوایەکی وەها نەرم و رووحبزوێنە تەنانەت دڵی رەقیش دەخاتە ترپە و داریش ناتوانێ بە قەدی خۆیەوە بەندبێت! شیعر و مۆسیقا لە ئاسمانەوە بە رەحمەت دادەبارینە خوارێ و ئەوین و خۆشەویستیی لە بن دیوار و شیپانان هەڵدەقوڵێ، تا چاو برکات هەر جوانییە و تا گوێ لەسەر هەست بێ چیرۆکی تامەزرۆییە.

دەمەی رێبواران بە رێدا دەرۆن، بالایان بەرز و رووخساریان چەشنی گوڵ پشکوتوو، نە لوتیان هەڵقرچاو، نە دڵیان پڕ لە زوخاو، جگە لە چاکە هیچ خەمێکی کەیان بە کۆڵەوە نەدەگرت، بێ لە ئەمەگ و خۆشیی تووشیان بە تووشی چیکەوە نەدەبوو، گەر چقڵێک چەقیبا بن پێی یەکێک، رێژنەی ئەسرین لە چاوی ئەوی تر دەباریە خوارێ. خەمە شاراوەکانیان لێوە دیاربوو، وتە نەنووسراوەکانیان بۆ دەخوێندرایەوە، زمانیان تێرامانێک بوو، کتێبێک لە هەوڵ و ماندووییان بە چاوپێداخشانێک بۆ دەخوێنرایەوە و دنیایەک ئێش و ئازاریان بە بزەیەک دەرمان دەکرد. هەرکەسە و بەپێی ویستی دڵی خۆی بە دوای کارێکدا دەچوو و، هەر لەجێوە خەڵاتی خۆی پێ دەبرا. ئەوانەی توانایان هەبوو، خاوەندڵ و بە بەزەیی بوون، بێتواناکانیش خاوەن سەبر و خۆڕاگریی بوون. ئەوان دەیانزانی ئەگەر بێت و نەبەخشن، زۆردار بە شەپ لێیان دەستێنێ و ئەوانی تریش تێگەشتوون کە هەتا ماندوو نەبن بەرەکەتیان پێ نابینرێتەوە. بەختەوەریی خۆیانیان لە کەیف و خۆشیی کەسانی تردا دەدۆزیەوە، هەربۆیە هەموویان شاد و بەکەیف بوون. دەستی زۆرداریی و چەوسانەوەیان وێرا نەدەگەیشت، فرۆشیار گرانجانیی نەدەکرد و کریاریش چاوەڕێی لەرادەبەدەری نەبوو، سەرۆک، خاوەن ئەدەب و بەزەیی و پابەند و گوێڕایەڵ و کارزان، بە جێگەی فشەپێکردن دڵسۆزیی دەنواند و لە جێگەی ئەوەی ئازارەکان زیاتر کا، هەتوانی دەخستە سەر برینەکان، گەورەیی لە زانست و پاکییدا دەبینی نەوەک لە دووڕوویی و خوێنمژییدا!....

لە قوتابخانەکان چۆنایەتییان بە قوربانی چەندایەتیی نەدەکرد و، پێش دیاردەکان ئاوڕیان لە دروستنەبوونی هۆکارەکان دەدایەوە. پەروەردەکردن لای ئەوان لە سەرووی راهێنان بوو، پێش زانابوون مرۆڤبوونیان دەویست، زانست بۆ بروانامە و بروانامە بۆ پارە و پارەیان بۆ هەوا و هەوەس نەبوو، زانست بۆ زانست بوو، هەروەها بۆ خزمەت بە ئەوانی تر. ئەوەی لەو فێرگەیە دەرچووبا دەگەیشتە شوێنی خۆی و لە بەرەی خۆی لاقی زیاتر رانەدەکێشا. ویستیان یەکێک هەڵبژێرن بۆ پۆستێک، خۆی بوارد لەبەر ئەوەی کە فلانە کەس لە من لێهاتووترە، برۆن بۆلای ئەو. هاتن نووسەرێک بکەنە وەزیر، پیشەی سەربەخۆیی بەلا پەسەندتر بوو، وتی: "دەترسم پلەی کاتیی دوورمخاتەوە لە خوڵقاندنی بەرهەمی زیندوو و نەمر". زانایەک کە خۆی لە قوژبنێک خزاندبوو لەسەر قەڵاندۆشیان دانابوو، برديان بۆ خانەی زانست. لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە پڕ لە بەختەوەرییە مل کەچ ناکا بکرێتە جۆلاتەنەی مێشولکەکان. مەحاڵە رووخساری رووناکی شاراوە بێت و تاریکبینەکان گورزی خۆیان تاوبدەنە ناو مەیدان. لە شوێنێکی تر شاعیرەکان کۆبوونەوە. ئەوەی شەیداتر و زمانپاراوتر بوو، هەڵیان بژارد بۆ پاشایەتیی و گەورەی شاعیران و کەسیش بەخیلیی پێوە نەبرد. تاجەگوڵینەیەکیان لە ملی کرد و دەنگی شادیی و خۆشییان ئەو ناوەی پڕ کردبوو. بە رووخۆشیی و بە کەیفەوە پێیان وت: "خوای گەورە هێزی ئاخاوتنی بەتۆ بەخشیوە، تۆ رووناککەرەوەی دیوانی، هەڵبەتە تا هەڵایسێین". سەیر لەوەدا بوو کە لاوان خوازیاری خۆشییەکانی دەروونیی و رەوانیی بوون، مەلی ویستیان قەفەسی ماددیی تێکدەشکاند و لە ئاسمانی پڕ لە واتادا لە فڕین نەدەکەوت. باش دەیانزانی کە جەستەی بێ هزر کۆنە توربێنێکە پڕ لە ئێسقان. بەو لێکدانەوە بە بەردەوامی خەریکی خۆشیی و نوێکردنەوەی دەروونیان بوون و هیچ کات لە پەروەردەکردنی دەروونیان غافڵ نەدەمان و لەگەڵ کۆتایی چالاکیی رۆژانەیان بۆ بژێویی، لە هەوڵی تێرامانی دەور و پشت و جیهان بوون، عەیامێک پێکەوە دادەنیشتن و گوێیان دەگرت لە سۆزی دڵبزوێنی سروشت، ئەستێرەکانی ئاسمان و گوڵە جوانەکانی سەر زەویان تەماشا دەکرد و لە بەرابەر ئەو خودایەی کە هەموو ئەو جوانییانەی خوڵقاندووە سەری کڕنۆشیان دادەنواند و سوجدەی شوکرانەیان دەبرد.

**"ئەوانەی توانایان هەبوو، خاوەندڵ و بە بەزەیی بوون، بێتواناکانیش خاوەن سەبر و خۆڕاگریی بوون. ئەوان دەیانزانی ئەگەر بێت و نەبەخشن، زۆردار بە شەپ لێیان دەستێنێ و ئەوانی تریش تێگەشتوون کە هەتا ماندوو نەبن بەرەکەتیان پێ نابینرێتەوە"**

دیمەنێک بوو نە بکەی نە بخۆی بەس ببینی، من و تۆش لەو نیوانە تاوماندایە و وەک دڵۆپێک تێکەڵ بەو دەریایە بووین.

وتم لە وڵاتی ئێمە وا باوە عاشقەکان بناڵێنن و لەقاوبدەن و گلەیی بکەن و بێدەنگیی وەک لەبیرکردن دەبینن و شانسیان داڕووخاو و رەتێنراو و لە ئەمەگ فەوتاو... چۆن لە وڵاتی ئێوە دۆخەکە جیاوازە؟!

وتیان ئەوەی دڵی پاکە لە لاواندنەوە بێباکە، هەستیاریی تا گیانبەخشین، دووزمانیی کاری تێ ناکات، بەڵام گیرۆدەبووانی گەردوون مەحاڵە بگەنە فەلەک و لە ئەوینی راستەقینە تێبگەن. راستەقینە بۆ تۆ بیمێنێ دەروو، ویستی خەڵکان تێپەڕێنە زوو بە زوو. ئێوە گیرۆدەی جوانکارییە دەستکردەکان و گوێ نادەنە میکانیزمە هێورکەرەوەکانی دەروونیی. هەربۆیە تا گەڵای تەمەن زەردیی گرت، هەر زوو گوڵە گەشاوەکەی سیس دەبێت و هەڵدەوەرێت. بیرەوەرییەکانتان هەمووی بەرە و سڕیی و سەهۆڵبەندان دەچێت. بێ ئاگا لەوە کە رواڵەت پردێکە بۆ دەروون. بێزار ئەو کەسەیە کە پرد بکاتە شوێنی حەوانەوە و هۆکارێک بکا بە ئامانج. ئێمە خۆشەویست ناکەینە قوربانیی خۆمان و ئاسوودەیی خۆمان لە ماندووبونی خەڵکانی تردا ناخوازین. ئێمە چونکە شەیدا و تامەزرۆی رووحیین، بیرەوەرییەکانمان هەموو کات گوڵ و گوڵزاری مەخمەریین و سۆزی هەستی بەهارییین. چاومان بڕیوەتە بەهارێک کە زەردیی نەگرێت و نەیگاتێ و هەرچی جوانییە هەر لەودا بێت. بەڵێ چێژ و خۆشییەکان هەر کات لە ناخیانەوە بەتاڵ بکرێن وەک دەریا شەپۆڵ ئەدەنەوە و مرۆڤ.....

بۆ لاپەڕە ١٥

www.arsivakurd.org

# ڕۆشنبیر کێیە؟

خەلیل عەبباسیی



ئەو پرسیارە لە ڕواڵەتدا زۆر ئاسان دێتە بەرچاو، واتە کەسێك بیری ڕووناکە، بەڵام ئاواش سانا نییە. پرسیارێکی ترمان بۆ دروست دەبێ، بیری ڕووناك چییە و چۆنە؟ ئەگەر ڕووناکبیریی بریتیی بێت لە خوێندەواریی ئەویش بە پلەیەکی بەرز، کەوابوو ئەوانەی خوێندەوارییان لە خوارەوەیە دەبێ ڕووناکبیر نەبن، ئەوە شتێکی ناڕاستە. هێندێك وا بیردەکەنەوە هەر کەسێك بیرە تازەکان وەربگرێ و قبووڵیان بکا ئەوە ڕووناکبیرە. ئەوەش ناتوانێ ڕاست بێ چونکە هەموو شتێکی تازە مەرج نییە ڕاست بێ.

ئایا ئەوەی ڕووناکبیر نەبێ، تاریکبیرە؟ ئەوەش باسێکی جێگای مشتومڕە. یان ڕووناکبیر (بەو مەرجەی لەسەر مانای ڕووناکبیر ساغ ببینەوە) شتێکی نیسبییە، واتە دەکرێ پلەدار بکرێ. ئەگەر هزری هەر مرۆڤێك بە بازنەیەك دابنرێ، بەشێك لەو بازنە ڕووناکە و ئەویتری تاریکە. ئەگەر بەشە ڕووناکەکە بە سپی و تاریکەکەی بە ڕەش دانێین، کەسی ڕووناکبیر دەبێ بەشە سپیەکەی لە بەشە ڕەشەکەی زۆرتر بێ. شەرت نییە بابای ڕووناکبیر هەموو لێکدانەوە و بیرکردنەوەکانی ڕووناك و ڕاست بن. چونکە هیچ کەس هەموو ڕاستییەکان نازانێ. لە بوارە فەلسەفیی و سیاسییەکاندا، هەر لایەنێکی هزریی، هەر خۆی بە ڕووناك دەزانێ و بەرامبەرەکەی بە تاریك لەقەڵەم دەدا.

زۆر بەناو ڕووناکبیرمان هەن کە ئەوەی تێیاندا نابینرێ ڕووناکییە...! ئەگەر ئەو کۆمەڵەی خۆیان بە ڕووناکبیر دەزانن لە بێژنگ بدرێن، کەسیان بە ڕووناکبیر دەردەچن؟ هەموو بەناو ڕووناکبیرەکان ڕووناکبیر نین، بەڵام دەکرێ خاوەن بیر بن، جا بیریان ڕوون بێ یان ناڕوون، هەر بۆیە باشتر وایە لە جیاتی ڕووناکبیر پیان بگوترێ خاوەن بیر.

لە کتێبە زانستییەکاندا، ڕووناکبیر (Intellektuell) مانای کەسێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە کە هەوڵدەدا زانست فێربێ. من پێموایە ڕووناکبیری ڕاستەقینە دەبێ ئەو چەند مەرجەی خوارەوەی تێدا هەبێ:

١- پێیوانەبێ هەموو ڕاستییەکان لای ئەون.

٢- دەمارگرژ نەبێ.

٣- بە دڵفراوانیی گوێ بۆ بەرامبەرەکەی بگرێ و لەکوێ حەقی بەدیکرد، با بەزەرەدیشی بێ، قبووڵی بکا.

٤- بەردەوام بەدوای زانیارییدا بگەڕێ.

٥- لەخۆبایی نەبێ.

٦- تابکرێ بۆچوونەکانی خۆی بەڕاشکاویی دەرببڕێ و هەوڵ بدا بە زانیارییەکانی کۆمەڵ سوودمەند بکا.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەی خاوەنبیرانی تیژبیر! بیرێك لە حاڵی ئەو خاوەنبیرە بەستەزمانە بکەنەوە با چیدی غەدری لێنەکرێ. با وشەی ڕووناکبیریش وەك هەزاران وشەی تر لەناو لاپەڕەکانی وشەداندا ئارامبگرێ، چونکە ئەگەر وشەی ڕووناکبیر زمانی هەبا هاواری دەچۆ بۆ ئاسمان و ئیزنی نەدەدا هەموو کەس ناوی ئەو لەسەر خۆی دانێ.

لە کەموکوڕییەکان داوای لێبوردن دەکەم، تەنیا ویستوومە ئەم بابەتە بهوروژێنم.

* * * * *

## بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە، پڵێنگەکان هێرش دەکەنە سەر دانیشتووانی دوورگەیەک




شارەزایان ڕایانگەیاند کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی نێچیر و بچووکبوونەوەی ڕووبەری شوێنەکەیان، هێرشی پڵێنگەکان بۆ سەر دانیشتووانی دوورگەی (سندربان)ی هیندستان زیادی کردووە.

ئاژانسی هەواڵی "ڕۆیتەرز" بڵاویکردەوە: "ئەو پڵێنگانە لەو جۆرانەن کە ماوەیەکە بەرەو کەمبوونەوە و لەناوچوون دەچن، هەر بۆیە پەلاماری دانیشتووان دەدەن لەبەرئەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی دەریا وایکردەوە شوێنەکەیان بچووك بێتەوە".

ئاژانسەکە لە زاری (برانابیس سانیال) لە "یەکێتیی جیهانیی پاراستنی ژینگە"وە ڕوونیکردەوە کە: "لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، لە ناوچەی "نتیدوبانی"، پڵێنگەکان ٧ ڕاوچییان کوشتووە". ناوبراو ئاشکراشی کرد کە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە، لەماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا دوورگەی سندربان، کە دەکەوێتە سەر سنووری هەردوو وڵاتی هیندستان و بەنگلادیش و پێکهاتووە لە سەدان دوورگە، ٢٨٪ ی ڕووبەرەکەی لەدەستداوە و بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوەوە چەند دوورگەیەکی تریش ژێر ئاو دەکەون و ئەمەش بووەتە هۆی بچووکبوونەوەی شوێنی پڵێنگەکان و کەمبوونەوەی نێچیرەکانیان، لەوانە تیمساح و قرژاڵ.

هەر بەگوێرەی وتەی لێپرسراوانی یەکێتیی جیهانیی پاراستنی ژینگە، ئەم دوورگەیە سەرەتا شوێنی نزیکەی ٥٠٠ پڵێنگ بووە، بەڵام ئێستا ژمارەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە و بەپێی پەیمانگای ئاماری هیندستانیش تەنیا ٧٥ پڵێنگی ماوەتەوە.



www.arsivakurd.org

# ڤیێتنام، خەونە ناخۆشەکەی "جۆن مەککەین"

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی پرۆسەی دەنگدان، بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی نوێ، لە ئەمریکا، زۆربەی مێدیاکان، سیاسەتوانان و خەڵکی جیهان، بەتایبەتیی خەڵکی ڤیێتنام، لە چاوەڕوانیی ئەنجامەکانی ئەو پرۆسەیەدان. کۆمەڵێك لە خەڵکی ڤیێتنام کاندیدی پارتی کۆماریی ئەمریکا (جۆن مەککین) باش دەناسن و بیرەوەریی تاڵیان لەگەڵیدا هەیە، ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ ٤١ ساڵ لەوەوپێش لە کاتێك لە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی جەنگی ڤیێتنامدا و لەکاتی بۆمبابارانی شاری (هانۆی) لەلایەن سوپای ئەمریکاوە، فرۆکەکەی جۆن مەککین بە فیشەکی جەنگاوەرانی ڤیێتنام دەپێکرێ و (جۆن)یش ناچار، بۆ پاراستنی گیانی خۆی، بە چەتر (پەرەشووت) خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و بە دیلیی دەکەوێتە دەست ڤیێتنامییەکان.



ئامادەکردنی: فارووق عەبباسیی
faroq88@hotmail.com

پەرستاری ڤیێتنامی تەمەن ٨١ ساڵە (نگووین تی تان)، کە شاهیدی زیندووی ئەو ڕووداوەیە، بەم شێوەیە ڕووداوی دەستگیرکردنی جۆن مەککین دەگێڕێتەوە: "من لە شاری هانۆی لە کەنار دەریاچەی (ترووك باك) وەستابووم کاتێك لە ڕۆژێکی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٧ جۆن مەککین بە چەترەکەیەوە دابەزییە خوارەوە و لە دەریاچەکەدا نقووم بوو. لەو کاتەدا (مای ڤان ئون)ی نیشتیمانپەروەر زۆر خێرا و بە مەلە توانیی ئەو ئەمریکییە لە قووڵایی دەریاچەکە بێنێتە دەر و ڕزگاریی بکات. لەگەڵ گەیشتنیان بە وشکایی ئەو فرۆکەوانە گەنجە لەلایەن کۆمەڵێك ڤیێتنامییەوە پەلامار درا بەڵام (مای ڤان) کەوتە نێوانیان و دووبارە (مەککین)ی لە مردن ڕزگار کرد".

(نگووین) لە درێژەدا دەڵێ: "جۆن مەککین، هەرچەندە لەپێناو وڵاتی خۆیدا جەنگاوە، بەڵام بۆمبەکانی بەسەر خەڵکی بێتاوان و ژن و منداڵی ڤیێتنامدا دەباراند، هەربۆیە ئەو بە هەموو شێوەیەك یەکێك لە تاوانبارانی جەنگە". (نگووین) بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "بەڵێ (جۆن) بە بۆمبابارانکردنی وڵاتەکەمان زۆری ئازار و ئەشکەنجەی ئێمە دا، بەڵام ئێمەش بە هەمان شێوە ئازارێکی زۆری ئەومان دا، هەم وەکوو ئەشکەنجەدان هەم بەوەی کە ماوەی ئەو چەند ساڵە لە زینداندا مایەوە، ئەو زیندانەی ئەمریکییەکان پێیان دەگوت (هانۆی هیڵتن)".



جۆن مەککین — مای ڤان ئون

(نگووین) سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەڵێ: "ئەگەر (جۆن مەککین) پیاوێکی زیرەك و ژیرە و دەتوانێ ئەزموونی هەموو ئەو ئازارانەی بە خەڵکی گەیاندوون لەگەڵ ئەو ئازارانەی پێیان گەیاندوون، کۆبکاتەوە، ئەوا دەتوانێ سەرۆککۆمارێکی باش بێ. سەرۆککۆمارێك کە تێدەگا جەنگ هەڵەیە و کێشەکان دەبێ بەشێوەی ئاشتییانە چارە بکرێن. بەڵام گەر ئەو تا ئێستا ئەزموونێکی باشی وەرنەگرتبێ و شتێك فێرنەبووبێ، وە پێیوابێ هێز تاکە وەسیلەی چارەکردنی کێشەکانە، ئەوا شایانی ئەوەی نییە ببێتە سەرۆکی ئەمریکییەکان یان سەرۆکی خەڵکی هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان".

(جۆن مەککین) لەو ساڵانەی دواییدا شەش جار سەردانی وڵاتی ڤیێتنامی کردووە و تا ئێستا چاوی بە (نگووین) نەکەوتووە. بەڵام لە یەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ ڤیێتنام چاوی بە (مای ڤان ئون) دەکەوێ (ئەو پیاوە ڤیێتنامییەی (جۆن مەککین)ی لە خنکان ڕزگار کرد). خەڵاتی (مەککین)یش بۆ (مای ڤان) میداڵێکی پێنج دۆلاریی بوو کە تەواوی ژیانی بە سنگیەوە بوو تا دوو ساڵ لەوەوپێش وەفاتی کرد. (مای ڤان) لە وتوێژێکدا، دوای ئەوەی (مەککین) لە خنکان ڕزگار دەکات، دەڵێ: "هەرچەندە من ئەو فرۆکەوانەم بە دوژمنی خۆم زانیوە بەڵام ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکانیش بە ئەرکی خۆم دەزانم".

(جۆن مەککین)، پاڵێوراوی پارتی کۆماریی بۆ گەیشتن بە کۆشکی سپی، ماوەی ٥ ساڵ و نیو لە زیندانی (هانۆی هیڵتن) لە ڤیێتنام مایەوە. تا دواتر ئازاد کرا و گەڕایەوە بۆ ئەمریکا.

زیندانی (هانۆی هیڵتن) ئێستا کراوە بە مۆزەخانە و وەك هێمایەکی جەنگی ئەمریکا - ڤیێتنام پارێزگاریی لێ دەکرێ.

* * * * *

## جەنگی سەر مانگ... هیندستان یەکەمین کەشتیی ئاسمانیی بەرەو مانگ ڕەوانە کرد



لە هەنگاوێکی مێژوویدا، هیندستان یەکەمین کەشتیی ئاسمانیی بەرەو مانگ ڕەوانە کرد، بەم هەنگاوە مێژووییەش هیندستان چووە پاڵ هەردوو وڵاتی چین و ژاپۆن لە کیشوەری ئاسیادا.

ئاژانسی هەواڵی "فرانس پرێس" بڵاویکردەوە کە مووشەکەکە ناوی "بی ئێس ئای فی" و لێنراوە و کەشتیی ئاسمانیی "شاندرایان یەك"ی هەڵگرتووە و ڕۆژی چوارشەممە (٢٢ی ئۆکتۆبەر) کاتژمێر ٦ و ٥٢ خولەك و ٥٠ چرکە بە کاتی "گرینیچ" لە بنکەی "ساتیش داوان" لە نیمچەدوورگەی "سریهاریکۆتا"ی باشووری ڕۆژهەڵاتی "هیندستان" بەرەو بۆشایی ئاسمان هەڵدراوە.

لەمبارەیەوە، سەرۆکی ڕێکخراوی هیندستان بۆ لێکۆڵینەوە ئاسمانییەکان "جی مادافان نایەر" ڕایگەیاند: "ئەمە ساتێکی مێژوویییە و گەشتەکانمان بەرەو مانگ دەست پێکرد".

لەلایەکی دیکەوە، "مانمۆهان سینگ" سەرۆك وەزیرانی هیندستان خۆشحاڵیی خۆی بەم بۆنەیەوە دەربڕی و ڕایگەیاند: "زانایانمان سەرلەنوێ وایان کرد کە وڵات و گەلەکەمان شانازیی بە خۆیانەوە بکەن".

جێی ئاماژەیە، کەشتییەکەی هیندستان ئامێری زانستیی هیندیی و ئەورووپیی و ئەمریکیی هەڵگرتووە و ئەرکەکەشی ماوەی دوو ساڵ دەخایەنێت.

www.arsivakurd.org

# گۆشەی وێژە و هونەر

## ڕێگەی سەرڕاس



کاک ئەحمەد موفتیزادە

یاران جەمن لەو سەحرایە — چ سەحرایە لەباس نایە
هاوتای نی یە لەم دونیایە — خاوەنی بانگێشتی خوایە
ئازیز وەخۆکەوە ئادەی — گرژ و گوڵ خۆتی بۆ بادەی
ڕێگەی سەرڕاس بگرە ئادەی — لە هێڵی ڕاس و چەپ لادەی
لە هیچ مەڵبەندێ نەگرسی — لە دڕک و داڵان نەترسی
لە خۆش و تاڵە نەپرسی — هەر چەند تینوو بیت و برسی
نەنکێنی ڕێگاکەم دوورە — مردن ئاخرین سنوورە
بۆوەی عەقڵی سوارە سوورە — هەر وەک لەم ژوور بۆ ئەو ژوورە
لەوێ میوانی خوا گیانی — لە خزمەت پێغەمبەرانی
جێگای ئاوا هەر وچانی — هەموو دونیا بەقوربانی

## هۆلیوود فیلمێک لەسەر ژیانی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد - درووودی خوای لەسەر) بەرهەم دەهێنێت




مستەفا عەققاد (دەرهێنەری فیلمی ریسالە)

سینەمای هۆلیوود بۆ دووەمین جار بەنیازە فیلمێك لەسەر ژیانی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد- درووودی خوای لەسەر) بەرهەم بهێنێت.

(ئۆسکار زوغەبی)، کە پێشتر لە فیلمی "ریسالە" کاری کردووە و ئێستاش وەك بەرهەمهێن لەم فیلمە نوێیەدا کاردەکات، رایگەیاند: بڕیار وایە فیلمی (پەیامبەری ئاشتیی) بە نوێترین سیستەم و تەکنەلۆژیای سینەما لە هۆلیوود بەرهەم بهێنرێت و جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ فیلمی کلاسیکیی "ئەلریسالە"دا دەبێت، کە ساڵی (١٩٧٠) لەلایەن "مستەفا عەققاد"ی کەڵە دەرهێنەری سینەمای سووریی دەرهێنرابوو.

ماوەتەوە بووترێت، سیناریۆی فیلمی "پەیامبەری ئاشتیی" لەلایەن (ڕەمزی تۆماس) نووسراوە و هاوکات وتەبێژێك بەناوی بەرهەمهێنەرانی فیلمەکەوە، بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە: کە وردەکاریی لەبارەی فیلمەکە لە داهاتوویەکی گونجاودا ئاشکرا دەکرێت.

فیلمی "ئەلریسالە" کە لە ساڵی (١٩٧٠) لەلایەن (مستەفا عەققاد)ەوە دەرهێنراوە و لە نواندنی "ئەنتۆنی کوین" ئەکتەری ناوداری کۆچکردووی سینەمای کلاسیکیی هۆلیوودە، بە بڕوای زۆربەی موسڵمانانی جیهان، ئەم فیلمە نموونەیەکە بۆ ڕێزگرتنی سینەمای بازرگانیی خۆرئاوا، لە بەرامبەر ئایینی ئیسلامدا.

**سەرچاوە: ڕادیۆ نەوا**

www.arsivakurd.org

## فیلمەکانی بەهمەن قوبادیی لە دیاربەکر و باتمان

بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەری ناوداری کورد بەهمەن قوبادیی، چەند حەوتوو لەوەپێش، لە شارەکانی دیاربەکر و باتمان لە باکووری کوردستان نمایش کران.



بەپێی راپۆرتی ئاژانسەکانی هەواڵ لە کۆمپانیای "مژ فیلم" لە تاران، بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەری بەتوانای کورد بەهمەن قوبادیی لە رۆژانی ١٣ تا ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨ (٢٢ تا ٢٥ی رەزبەری ١٣٨٧ی هەتاویی) لە بەرنامەیەکی تایبەت بە چاوخشاندنێك بە بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەری بەتوانا بەهمەن قوبادیی لە شارەکانی دیاربەکر و باتمان، لە باکووری کوردستان، نمایش کران.

جێی وەبیرهێنانەوەیە فیلمی سینەمایی "نیوە مانگ" و فیلمی سینەمایی "کیسەڵەکانیش دەفڕن"، لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادیی، لە دوایین بەشداریی نێونەتەوەییدا لە بەشی سەرەکیی و هەروەها پشتی سەحنەی ئەم فیلمانەش لە بەشی لاوەکی حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "ئێتنیا" Etnia بۆ بینەرانی هونەری سینەما نمایش کرا.

ئەم فیستیڤاڵە لە رۆژانی ٩ تا ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨ (١٨ تا ٢١ی رەزبەری ١٣٨٧ی هەتاویی) لە شاری "تۆرکۆ"Turku لە وڵاتی فینلاند بەڕێوەچوو.

* * * * *

### وێنەی ناودارێک



مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی (نالی)

## زریان

کاروان

**ئەی ئەو کەسەی**

**هەر لە بیری خۆت دای و بەس.**

**گوێ نادەیە**

**دەردی دڵ و هاواری کەس.**

زریانی توند نەیڕفاندی

ئاگری شەڕ نەیسووتاندی

بۆمباماڵی نەڕماندی

لافاو کەسی لێ نەستاندی

زۆردار ئاوارەی نەکردی

ماڵ و سامانی نەبردی

وەبەر ئەشکەنجە نەدراوی

لە ماڵی خۆت دەرنەکراوی

نەماویەوە لە ئەشکەوتان

لەگەڵ زامدار و پەککەوتان

تیرۆر ژیانی نەهەژاندی

لە نیشتمان نەیتاراندی

مین لە بن پێت نەتەقیوە

تانک لەسەر رێت نەچەقیوە

شەو نەتداوە لە چۆمی خوڕ

لێت نەخنکاون کیژ و کوڕ

تونیەتی بڕستی لێ نەبڕی

برسیەتی هەناوی نەدڕی

نەتبیست هاواری بریندارێک

دڵت نەشکا تەنیا جارێک

نە شینگێڕ بووی و نە هاودەرد

بێ خەم و ساز و بەبێ دەرد

تۆ چۆن دەزانی حاڵی من؟

چۆن هەست دەکەی ئازاری من؟

هەر هاودەردن و هاوخەمن

لە تاریکیی بۆ یەک شەمن

* * * * *

## ئەی دایە گیان

عەبدوڵڵا پەشێو



ئەی دایە گیان،

لە یادمە کە منداڵ بووم

ئەشقی تامی تفت و تاڵ بووم،

گڵم دەخوارد،

قوڕم دەجوو.

تۆش زللەیەکت لێ دەدام

هەمووت پێ تور فڕێ دەدام!.

* * * * *

ئەی دایە گیان!

ئێستا گەورەم و منداڵ نیم،

ئەشقی تامی تفت و تاڵ نیم.

کەچی ئەگەر ئەمجارەشیان

رێم بکەویتەوە (بێرکۆت)،

لێشم بدەی،

لێشم حەرامکەی شیری خۆت،

من بە تەشیەکەی منالیی دەڕێسمەوە.

دار، بەرد، گڵ، قوڕ

چیم بێتە رێ دەیلێسمەوە.

* * * * *

www.arsivakurd.org

# هەمەرەنگ

## مەترسیی دووباره بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵنده له ئارادایه



هەوڵە جیهانییەکان بۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی دووبارەی پەتای ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندە بەردەوامە و لەو چوارچێوەیەدا چەند وڵاتێك برێك هاوکاریی دیکەیان بۆ قەڵاچۆکردنی ئەو پەتایە تەرخانکرد.

لەلایەن خۆیەوە ئەمریکا بڕیاریدا بڕی ٣٢٠ ملوێن دۆلاری دیکە بۆ قەڵاچۆکردنی ئەو پەتایە تەرخان بکات. بەو شێوەیە رێژەی ئەو هاوکارییەی کە ئەمریکا تا ئێستا پێشکەشی کردووە نەگەیشتۆتە ملیاردێك دۆلار و بڕەکەی تەنها ٩٤٩ ملوێن دۆلارە.

ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ دەرکەوت و تا ئێستا بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی ٢٤٥ هاووڵاتیی لە هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپادا.

هێشتا ئەمریکا وادەی رادەستکردنی ئەو بڕە پارەیەی دیاریی نەکردووە و نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی تەندروستیی جیهانییش نیگەرانن لە دووبارە بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای باڵندە لە جیهاندا.

********

## چوار رۆژ بینایی و سێ رۆژ کوێرایی



کچێکی ئوستورالی لە هەفتەیەکدا تەنها چوار رۆژ دەتوانێت بە ڕوونیی شتەکان ببینێت و ئەمەش بۆتە مایەی نیگەرانیی پزیشکەکانی ئەو وڵاتە.

بەگوێرەی هەواڵی دەزگاکانی راگەیاندنی ئوستورالیا، کچێکی تەمەن (٢١) ساڵەی ئوستورالی کە دانیشتووی شاری (ملبۆڕن)ە، لە چوار رۆژی سەرەتای هەفتەدا هەموو شتێك بە ئاسانیی دەبینێت و دواتر لە سێ رۆژی کۆتایی هەفتەدا چاوەکانی هیچ شتێك نابینێت.

لەو بارەیەوە "جاستین ئەودای" سەرۆکی بەشی چاو لە نەخۆشخانەی "رۆیاڵ ڤیکتۆریا" رایگەیاند: نەخۆشیی ئەم ئافرەتە حاڵەتێکی دەگمەنە و تا ئێستا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە پێشتر هیچ حاڵەتێکی لەم جۆرە روونەداوە.

* * * * *

## له ئێستاوه دەتوانرێ لەسەر مانگ بنێژرێی

**هەژار ئەحمەدیی**

کۆمانپایایەک مژدەی تاک و سەیری بۆ هەمووان پێیە.

لەگڵ دروست کرایت، هەر دەبێ بشچیەوەژێر گڵ، پێویست ناکات ئێستا دەتوانی لەسەر نزیک ترین جیرانمان بنێژرێیواتا مانگ.

کۆمپانیایەکی ئەمریکی خزمەتگوزارییێکی کەرتی تاک|شەخس ی بۆ ئەو کەسان پێیە کە حەزدەکەن کاری نەکراو ئەنجام بدەن.

Celestis Inc کە ناوی ئەو کۆمپانیایەیە، لەڕێگای قووتوی بچووک کەوە کە بەقەد باترییێکی بچووک دەبێ خۆڵەمێشی لاشەی مردووەکەی دەکاتەناو و دەینێرێ بۆ سەر ئەبازنەیە/جادەیەی مانگ بەدوریدا/لەسەری دڕوات و دواتریش لەڕێگای

دەگەیێندرێتەسەر مانگ. Moon Rover

ئەترەکانی هۆڵی وود لەسەر مانگ

ناشتنی مردوو لەسەر مانگ چەند ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە.

دوو لەسەد کەسەن کەتا ئێستا لەسەر مانگ نێژراون. Gene Roddenberry، James Doohan

بەڵام ئەو جۆرەناشتنەبۆ هەموو کەسێک نیە. نرخی ناردنێ یەک گرام خۆڵەمێش بۆر سەر مانگ $10000 دەهەزار دۆلارە.

14 چووارەدگرامیش بە$300000 سێ سەد هەزار دۆلارە.

* * * * *

## مەیموونێک بۆتە شاگردی چێشتخانەیەک

یەکێك لە چێشتخانە ناودارەکانی تۆکیۆ، بۆ زیادکردنی مشتەرییەکانی، مەیموونێکی وەك شاگردێك لای خۆی دامەزراندووە.

بەپێی راپۆرتێکی تەلەفزیۆنیی "بی بی سی"، مشتەرییەکانی چێشتخانەکە سەریان دەسوڕمێت لەوەی کە دەبینن مەیموونەکە لێیان تێدەگات و هەرچییەکیان بوێت بۆیان دێنێت.

ئەم مەیموونە وەك شاگردەکانی دیکە جلی کاری لەبەر کردووە و وەکو مرۆڤ لەسەر دوو پێ رێدەکات و لەبەر ئەوەی لە پێناو کارەکەیدا پارە لە خاوەن چێشتخانەکە وەرناگرێت، بە خزمەتکارێکی زۆر باش دەژمێردرێت.

www.arsivakurd.org

## کیبۆردی کۆمپیووتەر لە کورسیی ئاودەست پیسترە



وەرگێرانی: پێشڕەو مەعریفەتی
peshraw_kurd@hotmail.

چەند زوو دوگمەکانی کۆمپیرەتەکەت خاوێن دەکەیەوە؟ هەرگیز، نە دووگمە و نە مشککە.

خواردنی سەر کیبۆرد/ دووگمەی کۆمپیرەکەت پێ خاوێنترە یان سەر کورسیی ئاودەست؟

نەخۆشیی مەعیدە، سکچوون، ڤایرۆس و هەڵامەت. لە لێکۆڵینەوەکی تازەی بەریتانی دەرکەوتووە کە دووگمەی کۆمپیووتەرەکەت، واتا کیبۆردەکەت، و کورسیی نووسینگەکەت خراپترین شتن بۆ گواستنەوەی نەخۆشیی سەختە.

لە دۆخێکی مەترسیداری تەندروستییدا ١٥٠ بەکتریا زیاتر لەو پلەیەی کە چاوەڕوان دەکرا، یان پێنج جار زیاتر لە کورسیی ئاودەستی نووسینگەکەت، دۆزرایەوە. ئەگەر دوای دەستبەئاوگەیاندن دەستت نەشۆیتەوە ئەوکات بەکتریای خەڵوورەش لەگەڵ خۆت دێنیتەوە.



ئەو هۆکارەی لەپێش هەموویانەوەیە ئەوەیە کە خەڵک لەسەر دووگمەی کۆمپیووتەرەکەی هەموو شتێک دەخوات. ورتکە و پاشماوەی خواردنەکان لە نێوان دووگمەکان دەمێننەوە. لەبەر ئەوەی پاککردنەوەی دووگمەکان پاشگوێ دەخرێ، لە ماوەیەکی کورتدا بەکتریاکان وەک بۆمبێکیان لێدێت و تووشی نەخۆشیی سەختمان دەکەن.

لێکۆڵینەوەکە، کە ڕێکخراوی ویچ Which کردوویەتی، ئەوەی درکاند کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەکارهێنەرانی کۆمپیووتەر نە دووگمەی کۆمپیتەرەکەیان و نە مشکی کۆمپیووتەرەکەیان هەرگیز خاوێن ناکەنەوە. نزیک بە نیوەیان دووگمەی کۆمپیووتەرەکەیان یەک جار لە مانگێکدا خاوێن دەکەنەوە.

زانکۆی (ئەریزۆنا)ی ئەمریکیی لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەی لەسەر کۆمپانیایەکی ئەمریکیی کرد، تیایدا دەرکەوت کە لەسەر دووگمەی کۆمپیووتەرەکانیان ٤٠٠ ئەوەندە زیاتر بەکتریای لێ بوو وەک لەسەر کورسیی ئاودەستەکانیان.

سەرچاوە: ئافتۆنبلادێت aftonbladet

نووسەر: Andreas Victorzon

## تەنیا لە بیست و پێنجەمین هاوسەری ڕازییە

پیاوێکی نیپاڵی دوای ٢٥ جار هاوسەرگیریی گوتی کە تەنیا لە دوایین هاوسەری ڕازییە و بەختەوەریی و سەرکەوتنی لە دوایین هاوسەرگیرییدا بەدەستهێناوە.

بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی "ئیسنا"، "ڕامچاندرا کاتوئاڵ"ی ٤٩ ساڵە پیاوێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی نیپاڵ پیشەی حەمباڵییە و، ناوبراو گوتی کە لە تەمەنی ٢٦ ساڵییدا لە "کاتماندۆ" بۆ یەکەمین جار زەواجی کردووە، بەڵام هاوسەرەکەی دوای ماوەیەکی کەم لە ماڵ هەڵاتووە و ئەمیش ٢٤ جاری دیکە زەواجی کردووە بەڵام دیسانەوە هەموو هاوسەرەکانی لە ماڵ هەڵاتوون.

"کاتوئاڵ" دەڵێت: "تا چەند ساڵ زەواجم نەکردووە، تا بۆ (٢٥)ەمین جار زەواجم کرد و ئەمڕۆش ئاهەنگی حەوتەمین ساڵیادی هاوسەرگیرییمە لە گەڵ "شارادای" ٢٣ ساڵە. هەروەها ناوبراو گوتی: "ئێستا تەنیا کارێک کە دەمەوێت بیکەم ئەوەیە کە گرنگیی بە خوێندنی منداڵەکانم بدەم و زۆر خۆشحاڵم و نامەوێت بۆ جارێکی دیکە زەواج بکەمەوە."

* * * * *

## ژەهری دووپشک بۆ چارەسەری شێرپەنجە بەکاردێت



توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن ژەهری دووپشک سوودی هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجە.

توێژەرەوانی زانکۆی ماساچۆیتزی ئەمریکا ڕایانگەیاند: لە پاش چەندین تاقیکردنەوە و توێژینەوە ئاشکرا بووە، کە دەکرێت پشت ببەسترێت بە ژەهری دووپشک بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجەی مێشک و سیی و چەند جۆرێکی تری ئەو نەخۆشییە کوشندەیە و، ئەوەشیان ئاشکرا کردووە کە جۆرە ماددەیەک لەو ژەهرەدایە کە یارمەتیی چاکبوونەوەی خانە نەخۆشەکانی لەشی مرۆڤ دەدات.

لەلایەکی دیکەشەوە گۆڤاری نیو ساینتیست بڵاوی کردەوە: زانایانی زانکۆی شیکاگۆ تاقیکردنەوەیان لەسەر ٥٩ کەس کردووە، کە دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجە ببوون و، بە بەکارهێنانی ماددەی" تی ئێم شەشسەد و یەک"، ماوەی سێ مانگ تەمەنی نەخۆشەکان درێژ کراوەتەوە.

## پاشماوەی ولاتی خاسان

..... مرۆڤ کە خۆی فیداکات ئینجا ئەگا بە خوا، وەک مەلی ئەو بازرگانەی لە ناو قەفەس خۆی لە گیان خست و بەو جۆرە هاتەوە دنیای بوونەوەران:

مالئاوا گەورەم کردت مەرحەمەت
رزگارت کردم لە بەندی زوڵمەت
مالئاوا گەورەم چووم تا نیشتمان
رزگار بێت وەک من ڕۆژێ لە ڕۆژان

لە هەڵبەستێکی دیکەدا دەڵێ:

تا بە کەی ئەی شاهبازی سەرکەوتن
جێ بمێنێ لە زێدی دڵ بزووتن؟
هێندە لە شاری ژیاندا بووی بە یەخسیر
وەتەن فەرامۆش کرا بە جارێ بێ زەمیر
حەیف بۆ تۆ ئەی خاوەن هونەر
لەو وێرانەدا پەرت بێنە دەر

وتم ئێستا لەگەڵ ئێوەدام بەو خۆشیی و جوانیيە گەلێ هەستیارم. وەی کە چ هەستێکی بەهەشتییم هەیە، بەڵام تۆ بەشقی ئەو خوایە پێم بڵێن چیتان کردووە ئاوا گۆڕاون؟! گوێبیستی نەوایەک بووم، چەشنی ئەوینی یار و شنەی بەربەیانی هەستبزوێنی بەهاریی، بە بەرینیی دەنگی دەدایەوە.. زەمیر، زەمیر...

بەو دەنگە ئیلهامییە ئاسمانییە وردە وردە بژوێڵکەکانم کردەوە و لەگەڵ خۆم وتم: خەونەکانمان چەندە خۆشترن لە دنیای ئاگاییمان!

* * * * *

www.arsivakurd.org

# BESTAN

No. 14

NOVEMBER 2008

A Cultural Magazine. Published by The Revolutionary Khabat Organization Of Kurdistan - Iran


## بانگەوازێک

هاووڵاتیانی هێژا!

برا و خوشکە کوردەکان!

خوێنەرانی بیرۆمەندی بێستان!

بێستان، نێژراوی چەند دەستان، هیوای ئەدەب خۆشەویستان، گۆڤارێکی سیاسیی، ئەدەبیی، کۆمەڵایەتییە کە بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و وێژە و ئەدەبی کوردیی تێدەکۆشێ.

بێستان، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوەکەمان بەپێی توانا هەوڵ دەدا و ئامێزی پڕ لە رێزی خۆی بۆ هاتنی رێبوارانی رێگای ئەدەبی کوردیی ئاواڵایە و هیوا وایە لە داهاتوودا شەمامە بگرێ بۆ دەستی دۆستان و، درک بۆ چاوی نەیارانی ئەدەبی پاراوی کوردیی.

بێستان، بۆ رازاندنەوەی خۆی چاوەڕوانی دەست و پەنجەی رەنگین و بەهێزی ئێوەیە کە لە هەموو لایەکەوە و لە هەموو جۆرە شەتڵ و نەمامێک وەکۆکەن و وەیرازێنن.

دەبا پێکەوە بێستان بکەینە رووگەی ئەدەبدۆستان و بژاری کەین و ئاوی دەین و پەرژینی کەین و لەدەست ئافات و دژ و زیانەخرۆیان بیپارێزین. وە داوامان ئەوەیە کە بیخوێننەوە و بە دەستی ناسیاوانی خۆتانی بگەیەنن. هیوادارین ئێوەی بەرێز لە هاوکارییتان لەگەڵ گۆڤارەکەمان بەردەوام بن و بە ناردنی بابەتی بەکەڵک و پێشنیار و رەخنەی بەسوود پێوەندییتان لەگەڵمان گەرم و گوڕتر بکەن و هەروا وێڕای ئێمە ئاودێر و وەرزێری ئەم گۆڤارە بن و "بێستان" لە شەتڵ و بڕکی گوراوی دەستتان بێبەش نەبێ. ئەوەش کە بێستانساڵی چەند بەران پێ دەگەیەنێ ئێمە دیاری ناکەین، با بزانین ئاو و خاک چۆنی دەگوورێنێ.

چاوەڕوانی بەرهەمی بابیداری خوێنەرانی بەڕێزین بۆ ژمارەکانی داهاتوو.

**دەستەی نووسەران**

### سەرنج:

هەر نوسراو و بابەتێک کە لە گۆڤاری "بێستان"دا بڵاودەبێتە نووسەری بابەتەکە لێی بەرپرسیارە و مەرج نییە دەربڕی بۆچوون و سیاسەتەکانی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بێ.

### نێونیشان و پێوەندییەکان


نێونیشانی سایتی ناوەندیی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت:

www.khabat.org

بۆ خوێندنەوەی ژمارەکانی دیکەی گۆڤاری "بێستان" لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت سەردانی ئەم نێونیشانە بکەن:

www.khabat.org/bestan.htm

بۆ پەیوەندییگرتن بە گۆڤاری "بێستان"ەوە: bestan59@hotmail.com


www.arsivakurd.org